گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/jssgbt96

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 13/08/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 23/12/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 20/06/2026

# ئەتڵەسی فۆنۆلۆجیی قەزای کۆیە

**هێمن عبدالحمید شمس**
hemin.shams@koyauniversity.org
بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

ئەتڵەسی فۆنۆلۆجی، جۆرێکی ئەتڵەسی زمانییە، گشت یاسا و دیاردە و گۆڕانە فۆنۆلۆجییەکانی زمان/ زارێکی دیاریکراو تۆماردەکات، بۆ خستنەڕوی ئەو گۆڕانانەی بەسەر دیاردە زمانییەکاندا هاتون لە سنورێکی جوگرافیی دیاریکراودا.

ئەتڵەسی فۆنۆلۆجیی قەزای کۆیە، توێژینەوەیەکی کارەکییە لە زمانەوانیی جوگرافیدا، لە سێ بەش پێکهاتوە؛ بەشی یەکەم چەند بابەتێکی تیۆری لەخۆدەگرێت، وەک: زمانەوانیی جوگرافی، ئەتڵەسی زمانی... بەشی دوەم، تایبەتە بە سنور و کۆمەڵگە و ڕێبازی توێژینەوەکە. بەشی سێیەم، لایەنی کارەکیی توێژینەوەکەیە، (١٧) نەخشەی گۆڕاوە دیاریکراوەکان دەگرێتەخۆ، لەگەڵ ئەنجام و پێشنیاز و لیستی سەرچاوەکاندا.

بە مەبەستی دروستکردنی بەشێک لە ئەتڵەسی زمانی کوردی- زاری کوردیی ناوەڕاست- شێوەزاری سۆرانی- گۆڤەری کۆیە، دەست بەم توێژینەوەیە کرا. پەیڕەوی ڕێبازی پەسنیی ئێستایی کراوە، نمونەکان لە ئاخاوتنی ئاخێوەرانی گۆڤەرەکەوە وەرگیراون. داتاکان لە (١٣٦)کۆمەڵگەی زمانی کۆکراونەتەوە [سەنتەری قەزا، پێنج ناحیە و (١٣٠)گوند]. توێژەر خۆی، ئاخێوەر و دانیشتوی ناوەندی قەزای کۆیەیە، لیستێکی ئامادەکردوە وێنەی گۆڕاوەکانی تێدایە، نیشانی ئاخێوەرانی دەدات و پرسیار دەکات، بە مەبەستی وەرگرتنی شێوەی دەربڕینی گۆڕاوەکە. ئەوکەسانەی داتایان لێوەرگیراوە، دانیشتوی ناوچەی توێژینەوەن و ئاخێوەری گۆڤەرەکەن. تەمەنیان، بە زۆری، لەسەروی (٣٥) ساڵە، ئاستی خوێندەواریی جیاوازیان هەیە و هەردو ڕەگەز بەشدارن. هەوڵدراوە ئەوکەسانە هەڵبژێررێن، کەمترین بەرکەوتەیان لەگەڵ ناوچەکانی تردا هەبێت و هاوسەگیریان لەگەڵ دەرەوەی ناوچەی توێژینەوە نەکردبێت. توێژەر خۆی سەردانی کۆمەڵگە زمانییەکانی کردوە، پرسیاری ئاراستەی داتالێوەرگیراوەکان کردوە و داتاکانی تۆمارکردوە.

هەر گۆڕاوێک نەخشەیەکی تایبەتی هەیە و سنوری شێوە جیاوازەکانی هەر گۆڕاوێک بە ڕەنگی جیاواز دەستنیشانکراوە. داتاکان بە بەرنامەی (SPSS) شیکراونەتەوە.

**کلیلە وشە**: هەمەجۆریی زمانی، زمانەوانیی جوگرافی، ئەتڵەسی فۆنۆلۆجی، شێوەزاری سۆرانی، شێوە ئاخاوتنی کۆیە.

# Phonological Atlas of the District of Koya

Hemim Abdulhameed Shams
Kurdish Language Department, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq

**Abstract**

A phonological atlas is a type of linguistic atlas that specializes in recording the rules, phonetic phenomena, and phonological changes in a particular language or dialect, in order to clarify phonetic changes within a specific geographical area. A field study in Applied Linguistics. This study explores the phonological features of the Central Kurdish dialect (Sorani) in the Koya region. Divided into three chapters, the first provides the theoretical background—covering geo linguistics, linguistic atlases, and related fields—while the second deals with the methodological of the research, the study population, and the research methodology. The third chapter details the fieldwork, including maps of 17 selected phonological variables. The goal was to contribute to a broader linguistic atlas of Kurdish by documenting the Koya local accent. Using a synchronic, descriptive approach, data were gathered from 136 communities—covering the district center, five sub-districts, and 130 villages. Each of the 17 variables was mapped to show phonetic variation across the region. The researcher, a native of Koya, conducted face-to-face interviews with informants—residents over 35 with varying education levels, selected for their limited exposure to other dialects. A prepared visual list of variables guided pronunciation recordings. The data were then analyzed using SPSS software and the results were visually represented on maps using various shades to illustrate regional differences.

This study highlights the rich linguistic diversity of the Koya area and offers a foundation for further geo linguistic research in the Kurdish-speaking world.

**Keywords:** Linguistic Diversity, Geo linguistics, Phonological atlas, Sorani Sub Dialect, Koya Accent.

## پێشەکی

ئەتڵەسی زمانی، کۆمەڵێک نەخشەیە لە دوتوێ پەرتوکێکدا، تایبەتمەندی و دابەشبونی جوگرافیی دیاردە زمانییەکان لە سنورێکی جوگرافیی دیاریکراودا دەخاتەڕو. سنور و ڕێژەی بڵاوبونەوەی تایبەتمەندییە (فەرهەنگی و دەنگی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی)یەکانی زمانێک یان زارێک، دەستنیشان دەکات. بەشێکی گرنگی زمانەوانیی جوگرافی و زمانەوانیی کارەکییە، سودی زۆریشی بۆ کۆزمانەوانی و کۆمەڵناسی و دەرونزانی هەیە. ڕادەی بڵاوبونەوەی کەرەستە زمانییەکان لە سنورێکی جوگرافیی دیاریکراو، لەسەر نەخشە، دەخاتەڕو. شێوە جیاوازەکانی دەربڕینی کەرەستەیەکی زمانی بۆ هۆکارگەلی (زمانی، جوگرافی، کۆمەڵایەتی، دەرونی، ...) دەگەڕێتەوە. لەبەر ڕۆشنایی ئەم دراوانە، ئەم توێژینەوەیە ئەنجام دراوە. ئەتڵەسی

فۆنۆلۆجییش جۆرێکی ئە تڵەسی زمانییە و گرنگی بە دیاردە دەنگییەکانی زمانێک یان زارێک دەدات، لە سنورێکی جوگرافیی دیاریکراودا، واتە پەیوەندیی نێوان ئەتڵەسی زمانی و ئەتڵەسی فۆنۆلۆجی، پەیوەندیی گشتە بە بەشەوە.
ناونیشانی توێژینەوەکە (ئەتڵەسی فۆنۆلۆجیی قەزای کۆیە)یە، هەوڵێکە بۆ تۆمارکردن و دانانی بەشێکی ئەتڵەسی فۆنۆلۆجیی زمانی کوردی، زاری کوردیی ناوەڕاست، شێوەزاری سۆرانی. توێژینەوەکە لە چوارچێوەی زمانەوانیی جوگرافی لە زمانەوانیی کارەکیدایە. سنوری جوگرافیی توێژینەوەکە، سنوری کارگێڕیی قەزای کۆیەیە، لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٢٣ – ٢٠٢٥)، کە [سەنتەری قەزای کۆیە، ناحیەکانی (تەقتەق[i]، سکتان، شۆڕش/ دێگەڵە، ئاشتی، سێگردکان)، و گوندەکانیان] دەگرێتەوە، سەرجەمیان لە(١٣٦) کۆمەڵەی زمانی(الجماعة اللغوية) پێکدێن. ئامانجی توێژینەوەکە، خستنەڕوی بەشێک لە کەرەستە زمانییەکانی سنوری قەزای کۆیەیە، بە شێوە دەربڕینە جیاوازەکانیان و دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوەکان. توێژینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە: ئایا هەڵکەوتەی جوگرافی و کارگێڕیی قەزاکە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئاخێوەران هەژمونیان لەسەر شێوەئاخاوتنی کۆیە هەیە؟ لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوی ڕێبازی پەسنیی ئێستایی کراوە، بە شێوەیەکی کارەکی و مەیدانی. داتالێوەرگیراوەکان(Informant)، ئاخێوەرانی ناوچەی توێژینەوەن لە هەردو ڕەگەز، بە پیشە و ئاستی خوێندەواری و تەمەنی جیاواز.
بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە، توێژەر سەردانی مەیدانیی ناوچەی توێژینەوەی کردوە و چاوپێکەوتنی لەگەڵ داتالێوەرگیراوەکاندا کردوە. داتاکان، دەربڕینەکانی ڕۆژانەی ئاخێوەرانن بە شێوەیەکی سنوردار؛ چونکە پرسیاری مەبەستدار ئاراستەی داتالێوەرگیراوەکان دەکرا، تا خۆیان بدوێن و دەربڕینەکان تۆمار بکرێن. سەبارەت بە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەش، فۆرمێکی وێنەدار ئامادەکرابو[ii]، وێنەی گۆڕاوەکانی تێدابو، نیشانی داتالێوەرگیراو دەدرا و پرسیار دەربارەیان دەکرا (لەم گوندە چیی پێدەڵێن؟). نەخشەکان بە بەرنامەی (Arc GIS) کێشراون، خشتە و شێوەکانیش بە بەرنامەی (هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان- SPSS) دروستکراون. توێژینەوەکە لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام و پێشنیاز پێکهاتوە. بەشی یەکەم لایەنی تیۆری و پێداچونەوەیە بە کارە زانستییەکانی پێشتر، بەشی دوەم، تایبەتە بە سنور و کۆمەڵگە و ڕێبازی توێژینەوەکە. بەشی سێیەم، خستنەڕوی ئەنجامی سەردانی مەیدانییە لە کۆکردنەوەی داتاکان و خستنەڕویان لەسەر نەخشەی تایبەتی. دواتر ئەنجام و پێشنیاز و لیستی سەرچاوەکان ڕیزبەندکراون.

## بەشی یەکەم

**زمانەوانی:** ئەو لقەزانستییەیە توێژینەوە لە ئاست و دیاردە جیاوازەکانی زمان، لە ئێستا و مێژوی زماندا، لە پەیوەندیی نێوان دەنگ و واتا، گەشە و گۆڕان و ئەرکەکانی زماندا دەکات، لەگەڵ پەیوەندیی نێوان زمان و ئەو کۆمەڵەی تێیدا بەکاردێت. هەروەها پەیوەندیی نێوان زمانە جیاوازەکان و بەراوردکردنیان، بەشێکی تری کارەکانی زمانەوانییە. (طليمات، ١٩٩٧، ١٨؛ (عبابنة و امنة الزعبي، ٢٠٠٥، ١١))

**زمانەوانیی کارەکی**: لقێکی زمانەوانییە، بەشێوەیەکی کارەکی لە پەیوەندیی نێوان زانستی زمان و گشت لقە زانستییەکانی دیکە دەکۆڵێتەوە، بە مەبەستی شیکردنەوە و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە زمانییەکان لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا، بە جێبەجێکردنی تیۆریی و ئەنجامە بەدەستهاتوەکانی زانستە جیاوازەکان پەیوەست بە زمانەوە. (سەعید، ٢٠١١، ٩) واتە زانستێکە پردی پەیوەندیی نێوان زانستی زمان و ئەو زانستانەیە، کە لە چالاکییە مرۆییەکانی پەیوەست بە زمان دەکۆڵنەوە.

**زمانەوانیی جوگرافی:** لقێکی زمانەوانیی کارەکییە، توێژینەوە لە هەژمونی هەڵکەوتەی جوگرافیی ژینگە لەسەر زمان دەکات. بە دەربڕینێکی دیکە، لە پەیوەندی و کارلێکی نێوان زمان و ژینگەی سروشتی دەکۆڵێتەوە (شمس، ٢٠٢٣، ١٢٣)، بۆ خستنەڕوی هەژمونی هەڵکەوتەی ژینگەی سروشتی لەسەر فەرهەنگی زمان و دابەشبونی زمان بۆ چەند زار و شێوەزار و شێوەئاخاوتنی جیاواز لە سنوری جوگرافیی زمانەکەدا، چونکە ژینگە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر مرۆڤ هەیە و ناتوانین لە سروشتی دەوروبەرمان دابڕێین. زمانەوانیی جوگرافی پەسنی ئێستای زمان یان زار دەکات، لە ژینگەیەکی دیاریکراودا.

هەروەک چۆن زمان بە کۆمەڵەوە پەیوەستە، هەر بەم شێوەیەش لە لایەنی جوگرافییەوە بە ژینگە و شوێنێکی دیاریکراوەوە پەیوەستە (هەمان سەرچاوە)، بۆیە زمان بەشێکە لە هەڵکەوتەی جوگرافیی کۆمەڵ (استيتية، ٢٠٠٨، ٦١٧). بە دەربڕینێکی دیکە، توێژینەوەیەکی جوگرافی، مێژویی، کۆمەڵایەتی، لە یەکەیەکی زمانیی دیاریکراو، لە هەرێمێکی جوگرافیی دیاریکراودا دەکات. (الحميد، ٢٠١١، ٢٩). زمانەوانیی جوگرافی، لقێکی زانستییە، توێژینەوە لە شێوەکانی دابەشبونی جوگرافیی زمان و زارەکان و دیاردە جیاوازەکانیان و تایبەتمەندی و جیاوازییەکانیان لە لایەنی دەنگ و ڕێزمان و واتاوە دەکات. هەروەها توێژینەوە لە بەکارهێنانەکانی زمان لەلایەن گروپە زمانییەکان (Areal Group) و شێوەکانی پۆلکردنی جوگرافییان (Areal Classification)، دەکات.(عبدالجليل، ٢٠٠١، ١٩٧). کەواتە، زمانەوانیی جوگرافی، لە ڕێی نەخشەوە، کەتواری زمان لە ژینگەدا، دەخاتەڕو.

(ماریۆ پای- Mario Pei) دەڵێت: زمانەوانیی جوگرافی، توێژینەوە لە سنوری بڵاوبونەوەی زمانە ناوخۆییەکان و زمانی دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەیەکی دیاریکراو و خەڵکی هاوردە و داگیرکەر لەو ناوچەیەدا، دەکات، تەنانەت دوای نەمانی هێز و دەسەڵاتی داگیرکەریش، لە سنور و ڕێژەی بەکارهێنانی زمانەکان دەکۆڵێتەوە. هەروەها زمانی سەرەکی و زمانی دوەم لە ناوچەیەکی دیاریکراودا، جوتزمانی و فرەزمانی، زمانی فەرمی و نیشتمانی، زمانی ئەدەبی، پەیوەندیی نێوان زمانەکان و زارەکان، بابەتی زمانەوانیی جوگرافین. (لطروش، ٢٠٢١، ٢١٢).

پەیوەندیی زمان و کۆمەڵ، پەیوەندییەکی بەهێزە و کارلێکی بەردەوام لە نێوانیاندا هەیە؛ جیاوازیی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ...، جیاوازیی زمانی بەرهەمدەهێنن، کە ڕەنگدانەوە و سەلمێنەری جیاوازییە کۆمەڵایەتی و هزری و ئابورییەکانن و سیمای جیاکەرەوەی چین و توێژ و گروپێکی دیاریکراون. زۆرجار گۆکردن یان درکاندنی فۆنیمێک بە شێوازی ئەلۆفۆنەکانی، هۆکاری جوگرافی و کۆمەڵایەتییان لە پشتەوەیە، بۆ نمونە لە هەندێک ناوچەی کوردستاندا (بە کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیەشەوە)، فۆنیمەکانی /ک، گ/، کاتێک یەکێک لە فۆنیمەکانی /ی، ێ، وێ/یان بەدوادا دێت، بە ئەلۆفۆنی /ک- tʃ، گ- dʒ/ گۆدەکرێن، وەک: [گیا- ja:dʒ]،[کێ- tʃ3:].

**کۆمەڵەی زمانی (الجماعة اللغوية)**، بریتییە لە کۆمەڵە کەسانێک لە زمان و زار و جۆری ڕۆشنبیری و لایەنی کۆمەڵایەتی و شارستانی و دابونەریتەکانیاندا هاوبەشن. (الخطابي، ١٩٩٧، ١٢٦ - ١٢٧)، بەڵام ناکرێت ئەو هاوبەشییە ڕەها بێت؛ بەڵکو ڕێژەییە، بۆیە بە ڕێژەی هاوبەشی و جیاوازییەکان شێوەی دەربڕینەکانیان جیاواز دەبن و دیاردەی فۆنۆلۆجی دێتەکایەوە، ئەمانەش دەبن بە کەرەستەی ئەتڵەسی فۆنۆلۆجی.

**فرەزمانی**: بریتییە لە بەکارهێنانی کۆمەڵە زمانێک لەنێوان گروپ و پێکهاتە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی یەک کۆمەڵدا (عواريب، ٢٠١٧، ٥٢)، بەپێی جیاوازیی نەتەوە و لایەنی کۆمەڵایەتیی ئاخێوەران. ئەم جیاوازییانە لە دەنگسازی و وشەسازی و هەندێکجار ڕستەسازییشدا، کاریگەرییان لەسەر ئاخێوەرانی یەکتری دەبێت، وەکو کوردانی کەرکوک و خانەقین لە باشوری کوردستاندا.

**هەمەجۆریی زمانی:** بریتییە لە شێوە جیاوازەکانی بەکارهێنانی زمانێک لەنێوان گروپ و پێکهاتە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی یەک کۆمەڵدا، بەپێی جیاوازیی ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕەگەز و ژینگە و پلەی خوێندەواری و پیشە و ...ی ئاخێوەران. مرۆڤەکان، دونیابینی و تێڕوانینیان بۆ دەوروبەر، جیاوازە. ئەمەش وادەکات بیرکردنەوە و پۆلێنکردنی دەوروبەریان جیاوازبێت و هێمای جیاواز بۆ دیاردە و ڕوداو و شتەکانی دەوروبەریان دابنێن، ئەمەش هەمەجۆریی زمانیی لێدەکەوێتەوە. (هدسن)دەڵێت: هەمەجۆریی زمانی، کۆمەڵێک شێوەی جیاوازی زمانێکە، لەسەر بنەمای لێکچونی زمانی دابەشبوە. (عەلی، ٢٠١٥، ١٠). شایانی گوتنە، سنوری جوگرافی و کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە، فرەزمان و هەمەجۆریی زمانییە.

هەرچەندە زمان ڕەفتار و چالاکییەکی بەکۆمەڵی گەلێکە، بەڵام شێوەکانی بەکارهێنانی بەپێی زۆری و جۆراوجۆریی ئاخێوەرانی و جیاوازیی کلتور و چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانیان و دورییان لەیەکتری و بە جیاوازیی کات و شوێن و پیشەکانیان، جۆراوجۆر و هەمەڕەنگ دەبێت. (کزار، ٢٠١٨، ٤٧). جولێت گارمادی، (فرەیی و هەمەجۆری)ی زمانی لە جیاوازیی زمانیدا یەکدەخات (التباين اللساني)، هەندێک جاریش بە هەمەڕەنگیی زمانی (التلون اللساني) ناویدەبات. (عواريب، ٢٠١٧، ٥٤)، کە ئەمانە دەبن بە کەرەستەی شیاو بۆ ئەتڵەسی فۆنۆلۆجیی زمانەکە.

**زارناسی (دیالێکتۆلۆجی):** وەک لە ناوەکەیەوە دیارە، لقێکی زانستییە، لە زارەکانی زمان دەکۆڵێتەوە بە ئامانجی پەسنکردنی زانستییانەی زارەکانی زمانێک (سالح، ٢٠١٧، ٦٢). زمانەوانان بەمشێوەیە پێناسەیان کردوە: لقێکی زانستی زمانە، توێژینەوە لە زمانێکی دیاریکراودا دەکات، بۆ شرۆڤە و پەسنکردنی هەمەجۆریی ناوچەیی، یان کۆمەڵایەتی و ڕەنگدانەوەیان لە زماندا، هەروەها چۆنیەتیی پەیدابونی هەمەجۆریی درکاندن و ڕێزمانی (وشەسازی و ڕستەسازی) و فەرهەنگی و جوگرافی دیاری دەکات. (عەبدوڵا و سەبری، ٢٠١١، ١٠٤). لقێکی زمانەوانییە، توێژینەوە بۆ لێکدانەوە و پەسنکردنی جیاوازیی نێوان زارەکانی زمانێک دەکات. (عبدالعزيز، ١٩٨٣، ١٥٥). واتە، لقێکی زمانەوانییە، توێژینەوە لە زار و شێوەزارەکانی زمانێکی دیاریکراودا دەکات، لەڕوی پێکهاتە و مێژو و هۆکاری جیاوازییەکان و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر زماندا هاتون لەڕوی فراوانبون و دابەشبونەوە. لەلایەنی دەرونییەوە ئاخێوەرانی هەر زمانێک، بەهۆی ڕاهاتن و وابەستەبون و خۆشەویستییان بۆ جۆرێکی بەکارهێنانی زمان و کەرەستەکانی، دەبن بە بەشێک لە هۆکارەکانی دروستبونی زار و شێوەزارەکانی زمان، لە سنورێکی جوگرافیی دیاریکراودا بەکاریدەهێنن و تایبەتمەندیی دەنگسازی و وشەسازیی خۆی دەبێت و هاوبەشیی لەگەڵ زار و شێوەزارەکانی دیکەی هەمان زماندا هەیە. هەروەها زار، شێوەیەکی بەناویەکداچوی زمانە، جیاوازیی لەگەڵ زمانی ستانداردا هەیە؛ سیستەمی فۆنۆلۆجی و وشەی فەرهەنگی و یاسای سینتاکسیی تایبەت بەخۆی هەیە. (ئەحمەد، ٢٠١١، ٢٤). جۆرێکی دیکەی زارەکان، بە زاری کۆمەڵایەتی (Sociolect)، دەناسرێت، گروپێکی کۆمەڵایەتی لە بارێکی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیریی هاوشێوەدا بەکاریدەهێنن و ڕەنگدانەوەی پیشە و چین و توێژەکانی کۆمەڵە، تایبەتمەندیی دەنگسازی و وشەسازیی خۆی هەیە. زمان، ڕەگەزێکی گرنگە بۆ سەلماندنی ناسنامەی هەر کۆمەڵێک، هەروەها زمان و زار سامانێکی گرنگی مرۆڤایەتین و لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی کلتوری کۆمەڵ هەژمار دەکرێن؛ بۆیە پێویستە بە هەر شێوەیەک بێت لە فەوتان و لەناوچون بپارێزرێن. (سالح، ٢٠١٧، ٦٣). لەمەوە، ئەتڵەسی فۆنۆلۆجی کۆکەرەوە و پارێزەرێکی گونجاوە بۆ تایبەتمەندییە دەنگسازییەکان.

**پێداچونەوە بە کارەکانی پێشتر:**

لە هەرێمی کوردستاندا، چەند توێژینەوەیەکی زانستیی بەهێز لەسەر جۆر و بەشەکانی ئەتڵەسی زمانی ئەنجام دراون و لەم توێژینەوەیەشدا سودیان لێ وەرگیراوە، لێرەدا پوختەیەک لەبارەیانەوە دەخەینە بەرچاو:

**ئەتڵەسی زمانی– هەرێمی کوردستانی عێراق وەک نمونە**. لە بنەڕەتدا ماستەرنامەی (عەبدولمەناف ڕەمەزان ئەحمەد)ە، بە سەرپەرشتیی (پ. د. یوسف شەریف سەعید)، ساڵی (٢٠٠٩)، پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین کراوە. ساڵی (٢٠١١)، دەزگای (سپیرێز) لە چاپخانەی خانی، لە دهۆک چاپیکردوە. یەکەم کاری زانستییە لەم بوارەدا، لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام پێکهاتوە: بەشی یەکەم بە ناوی (دیالێکت و دیالێکتۆلۆجیا)، لە چوار تەوەر پێکدێت، بەوردی باس لە بابەتەکانی زار و جۆرەکانی، زانستی زار و مێژوی سەرهەڵدانی، پەیدابونی زار و دابەشبونی جوگرافیی زارەکانی زمانی کوردی دەکات. بەشی دوەم بە ناوی (زمانەوانیی جوگرافی و ئەتڵەسی زمانی)یە، لە سێ تەوەر پێکدێت، توێژینەوەی لە زمانەوانیی جوگرافی، پێناسە، مێژو، ڕێباز و جۆرەکانی ئەتڵەسی زمانیدا کردوە. بەشی سێیەم، لایەنی کارەکیی ماستەرنامەکەیە، بە ناوی (کێڵگەی واتایی و جوگرافیای هەرێمی کوردستان)ە، لە سێ تەوەر پێکدێت. کێڵگەی واتایی، کێڵگەی خزمایەتی، چڕیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و نەخشەکانی ئەتڵەسی زمانی کوردیی لە هەرێمی کوردستان، خستۆتە بەر باس و توێژینەوە. سنوری توێژینەوەکە زمانی کوردییە لە هەرێمی کوردستانی عێراق و تەنیا ئاستی سیمانتیک و لەویشدا تەنیا زاراوەکانی کێڵگەی واتایی خزمایەتی کەرەستەی توێژینەوەکەیە. کاریان لەسەر (٤٣) زاراوەی پەیوەندیی خزمایەتی کردوە و نەخشەکانیان خستۆتەڕو، بەڵام سەرەڕای وردی و بچوکیی زانیاریی سەر نەخشەکان، کە خوێندنەوەیان تارادەیەک گرانە، هەڵەیەک لە نەخشەی ژمارە (٤٢) لە لاپەڕە (١٧٣)دا هەیە؛ نەخشەی (هەوگیانە)، بە (شوبرا) ناونراوە. توێژەر، لە کۆتاییی نامەکەیدا، (١١) ئەنجامی دەستنیشانکردوە، لەوانە: زۆربەی ئەو زاراوانەی بە یەک وشە پەیوەندیی خزمایەتی دەردەبڕن، لە دەڤەر و یەکە کارگێڕییەکانی هەرێمی کوردستان (جگە لە مەندەلی و بەدرە و جەسان)، وەکیەکن یان گۆڕانێکی فۆنۆلۆجیی کەمیان هەیە. بەپێچەوانەشەوە، ئەو زاراوانەی بە فرێز و دەستەواژە پەیوەندیی خزمایەتی دەردەبڕن، جیاوازیی زۆریان هەیە، چونکە دەکەونە ژێر کاریگەریی بەکارهێنەرانی زمان و هۆکارەکانی دروستبونی زاری ناوچەیی. گشت جیاوازییەکانیش تەنیا لە ئاستی ئاخاوتن و دەربڕیندان، نەک لە سیستەم و یاساکانی زماندا.

**ئەتلەسا فۆنۆلۆجییا زمانێ کوردی- پارێزگەها دهۆکێ**. لە بنەڕەتدا تێزی دکتۆرای (سەلوا فەریق سالح)ە، ساڵی (٢٠١٦) پێشکەشی بەشی زمانی کوردی، سکولی زمان، زانکۆی زاخۆی کردوە و لە زانکۆی تاران، بە سەرپەرشتیی (پ. د. یوسف شەریف سەعید، پ. د. عەلی دەرزی) ئەنجام دراوە. ساڵی (٢٠١٧) دەزگای (سپیرێز) چاپ و بڵاویکردۆتەوە. تێزەکە، بە زاری کوردیی باکور- شێوەزاری بادینانی نوسراوە، لە پێشەکی و چوار بەش و ئەنجام و پێشنیاز پێکهاتوە: بەشی یەکەمی بریتییە لە کورتەیەک دەربارەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە (پارێزگای دهۆک). بەشی دوەمی، سنور و چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکەیە، باس لە جۆراوجۆریی زمانی و جۆرەکانی زارناسی دەکات. لە بەشی سێیەمیدا، ئەو دیاردە دەنگییانەی خستۆتەڕو، کە توێژینەوەی لەبارەوە ئەنجامداون. بەشی چوارەمی تایبەتە بە ئەتڵەسی فۆنۆلۆجیی پارێزگای دهۆک. (١٠٠) فۆرمی زمانیی لە ئاستی دەنگسازی دەستنیشانکردوە، لەسەر نەخشەی جوگرافیی پارێزگای دهۆک، دابەشبونی جوگرافیی خستونەتەڕو، گشت بگۆڕەکانی بە ڕێنوسی جیهانیی (IPA) نوسیوە. توێژەر بە چەند ئەنجامێک گەیشتوە، لەوانە: شرۆڤەکردنی بگۆڕە زمانییەکان ئەوە دەردەخەن، گۆڤەرێکی دیاریکراو لە پارێزگای دهۆکدا زاڵە و زۆرتر بەکاردێت. هەروەها دەتوانرێ سنوری بەکارهێنانی هەندێک بگۆڕ دەستنیشان بکرێت، بەڵام هەندێکی تریان نا، چونکە زۆرترین جۆری بەکارهێنانی جیاوازیان هەیە. لە کۆتاییدا چەند پێشنیازێک دەکات، لەوانە: بۆ تەواوکردنی ئەتڵەسی زمانی کوردی، پێویستە توێژینەوەی هاوشێوە لە دەڤەر و ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا ئەنجام بدرێن.

**تێزی (ئەتڵەسی دەنگسازی شێوەزاری خۆشناوەتی)**ی (ساکار ئەنوەر حەمید)، ساڵی (٢٠٢٠) بە سەرپەرشتیی (پ. د. یوسف شەریف سەعید)، پێشکەشی بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین کراوە. تێزەکە لە پێشەکی و چوار بەش و ئەنجام و پێشنیاز پێکهاتوە: بەشی یەکەم بەناوی (کورتەیەک دەربارەی خۆشناوەتی و شێوەزارەکەی)ە، باس لە پێکهاتەی وشەی خۆشناو، مێژوی هۆزەکە و سنوری شێوە ئاخاوتنەکە دەکات. بەشی دوەم تایبەتە بە (چوارچێوەی تیۆریی لێکۆڵینەوەکە)، باس لە زارناسی و جۆر و ڕێبازەکانی، سنوری زمانی، تیۆریی شەپۆلەکان، ئەتڵەسی زمانی و زاری دەکات. لە بەشی سێیەمدا یاسا فۆنۆلۆجییەکانی ئەو گۆڕاوانە شیدەکاتەوە، کە لە تێزەکەدا کاریان لەسەرکراوە. بەشی چوارەم بەناوی (ئەتڵەسی دەنگسازی شێوەزاری خۆشناوەتی)یە، نەخشەی جوگرافیی (١١٣) گۆڕاو دەخاتەڕو. دو تێبینی لەسەر ناونیشانی تێزەکە هەیە: یەکەمیان پێویست بو ئەتڵەسی (دەنگسازی) بوایە نەک (دەنگساز)، دوەمیان لە بەکارهێنانی زاراوەی (شێوەزار)؛ ڕاستتر بو (شێوە ئاخاوتن) بوایە، چونکە زنجیرەی دابەشبونی زمان بەپێی سنوری جوگرافی، بەمشێوەیەیە: (زمان، زار، شێوەزار، شێوە ئاخاوتن- گۆڤەر)، واتە (زمانی کوردی، زاری کوردیی ناوەڕاست، شێوەزاری سۆرانی، شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی)، لەبەرئەوە (خۆشناوەتی) گۆڤەرە، نەک شێوەزار. ئەمەش لە بەها و باشیی تێزەکە کەمناکاتەوە. کەرەستەی تێزەکە تەنیا گۆڕاوە فۆنیمییەکانن و گشت گۆڕاوەکانی بە ڕێنوسی جیهانیی (IPA) نوسیوە. توێژەر کۆمەڵێک ئەنجامی خستۆتەڕو، لەوانە: دوری و سەختیی شوێنی جوگرافی و لەیەکنزیکیی سنوری شێوەزارەکان، هۆکاری سەرەکیی جۆراوجۆریی زمانی و پەیدابونی گۆڕاوە زمانییەکانن، جیاوازییەکان لە گشت شارەدێیەکاندا وەکیەک نین، لە هەندێکیان زۆر کەمە و لە هەندێکیان زۆرە؛ تەنانەت گەیشتۆتە ڕادەی گۆڕانی لێکسیکی و پەیدابون و لەناوچونی بڕگە. لە کۆتایی تێزەکەدا پێشنیازی ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لە گشت زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی دەکات؛ تا ئەتڵەسێکی تەواوی زمانی کوردیمان هەبێت.

**ئەتڵەسی مۆرفۆلۆژیی شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی،** ماستەرنامەی (ڕێباز ئیبراهیم مەحمود)ە، بە سەرپەرشتیی (پ. ی. د. شێروان حوسێن حەمەد)، ساڵی (٢٠٢٢)، پێشکەشی بەشی زمانی کوردیی فاکەڵتیی پەروەردەی زانکۆی کۆیە کراوە. نامەکە لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام و ڕاسپاردە پێکهاتوە: بەشی یەکەم بەناوی (ئەتڵەسی زمانی و شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی)یە، باس لە زمانەوانیی جوگرافی، هۆکارەکانی پەیدابونی زار، ئەتڵەسی زمانی و ڕێباز و جۆرەکانی بەپێی (زمان، ناوەرۆک، ئاستەکانی زمان)، ئەتڵەسی دیالێکتی و سنوری شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی دەکات. بەشی دوەم تایبەتە بە دیاریکردنی گۆڕاوە مۆرفۆلۆژییەکانی شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی، تێیدا باس لە جۆرەکانی مۆرفیم و مۆرفۆلۆژی دەکات، لەگەڵ گۆڕاوە مۆرفۆلۆژییەکانی شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی. بەشی سێیەم، بەشی کارەکیی نامەکەیە، بەناوی (ئەتڵەسی مۆرفۆلۆژیی شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی)یە، نەخشەی(٥٥) گۆڕاوی زمانیی خستۆتەڕو. لە ئەنجامی توێژینەوە و بەدواداچوندا، توێژەر، بە چەند ئەنجامێک گەیشتوە، لەوانە: دۆخی نێر و مێ، سیمایەکی تایبەتی شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتییە و مۆرفیمی تایبەتیان هەیە. هەروەها شێوەئاخاوتنی جیاواز لە سنوری شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتیدا دەبیسترێت. لە کۆتاییدا (٣) ڕاسپاردەی پێشکەشکردوە، یەکێکیان دەڵێت: گشت زار و شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی، پێویستیان بە توێژینەوەی هاوشێوە هەیە، لە گشت ئاستەکانی زماندا.

**ئەتڵەسی زمانی**

ئەتڵەسی زمانی، لە کۆمەڵە نەخشەیەک پێکدێت، دابەشبونی جوگرافیی شێوەکانی زمان و بەکارهێنانە جیاوازەکانیان دەخەنەڕو. ڕێگایەکی کارا و تازە و خێرایە بۆ تۆمارکردنی دیاردە زمانییەکان و دیاریکردنی سنوری بەکارهێنانی وشە و شێوە جیاوازەکانی کەرەستەی زمانی، لەسەر نەخشەی جوگرافیدا.

ئەتڵەسی زمانی، کۆمەڵە نەخشەیەکە، بۆ دەرخستنی ڕەنگدانەوەی جیاوازییە جۆراوجۆرەکانی زارەکانی زمانێک، بەگوێرەی جیاوازیی شوێنەکانیان لەسەر نەخشەی جوگرافی. (Bussman, 1996, 281). زمانەوانی، بە سودوەرگرتن لە زانستی جوگرافیا، بۆ دیاریکردنی سنوری زمان و زارە جیاوازەکان و دیاردە زمانییە جۆراوجۆرەکان، نەخشەی جوگرافیی بەکارهێناوە. جیاوازیی نێوان نەخشە زمانی و جوگرافییەکان تەنیا لەو زانیارییانەدایە کە دەیخەنەڕو؛ نەخشە زمانییەکان دیاردە زمانییە جیاوازەکانیان لەسەر دیاری دەکرێت (الضامن، ١٩٨٩، ٤٣)، بۆیە دەتوانین ئەتڵەسی زمانی بە بەهێزترین خاڵی پەیوەندیی نێوان زانستی زمان و جوگرافیا دابنێین. (محەمەد حەسەن عەبدولعەزیز) دەڵێت: ئەتڵەسی زمانی، کۆمەڵێک نەخشە و تابلۆیە، دابەشبونی جوگرافیی تایبەتمەندییە دەنگی و ڕێزمانی و فەرهەنگییەکانی زمانێک یان زارێک (یان هەردوکیان)، ڕوندەکاتەوە و ئەتڵەسی زارەکانیش گرنگی بە دابەشبونی جوگرافیی دیاردەکانی زارێک لە زمانێکی دیاریکراو دەدات لە ناوچەیەکی دیاریکراودا (العزاوي، ٢٠٠١، ٢٣٠). بۆیە دەوترێت زانستی جوگرافیا، لێکدانەوەی دروست بۆ دیاردەی (زار) دەکات (طليمات، ١٩٩٧، ٤٠) و ئەتڵەسی زمانی، نمایشێکی جوگرافییانەی زارە جیاوازەکانی زمانە. (عساكر، ١٩٥٣، ٣٧٩).

توێژینەوە لە زارەکانی هەر زمانێک و دانانی ئەتڵەس، سود و گرنگیی خۆی هەیە؛ توێژینەوەیە لە یەکەزمانییەکانی لە ڕوی دروستە، هاوبێژی، هاواتایی و جیاوازیی دەربڕینیان بەگوێرەی جیاوازیی هەرێمەکان و توێژینەوە لە تایبەتمەندیی زارە جیاوازەکان و بەرانبەرکردنیان لەگەڵ زمانی ستاندارد و خستنەڕوی هاوبەشی و جیاوازییەکانیان، هەروەها پەسنکردنی کەتواری زار و زمانەکان و گۆڕانیان بەپێی سەردەمە جیاوازەکان و چەندان سودی تریش. (لطروش، ٢٠٢١، ٢١٤). جگە لە زانیاری و سودی زمانی، یارمەتیی مێژونوس و دەرونناس و کۆمەڵناسانیش دەدات؛ دەتوانن بۆ زانیاریی وردتر، لەسەر دیاردە مێژویی و دەرونی و کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا، پشت بە ئەتڵەسە زمانییەکان ببەستن (الضامن، ١٩٨٩، ٤٦). هەروەها ئەتڵەسی زمانی سودێکی زۆر بە توێژینەوە زمانییەکانی دوای خۆی دەگەیەنێت، چونکە زانیاریی فرەچەشنی زمانی دەخاتە بەردەست توێژەران، بەتایبەت گەر بەردەوام گرنگیی پێبدرێت و زانیاریی نوێی تێدا تۆمار بکرێت. لەم بارەیەوە (یۆد – Jud) دەڵێت: ئەستەمە مێژوی ڕاستەقینەی گەلێک بنوسرێتەوە، بەبێ زانین و لێکۆڵینەوە لە زمانە ناوخۆییەکانی ئەو گەلە (عبدالتواب، ١٩٩٧، ١٥٠).

دانانی ئەتڵەس، یان نەخشەکێشان بۆ زارەکانی هەر زمانێک، بە توێژینەوەی پەسنی[iii] ئێستایی (Synchronic) دادەنرێت، چونکە وردەکاری و زانیاریی هەمەجۆر و فرەلایەن لەسەر کەرەستە و دیاردە زمانییەکان لە ئێستای زمان و زارە زیندوەکان، لەڕوی دابەشبونی جوگرافی و پۆلێنکردنیان لە نەخشە و خشتەی تایبەتدا، دەخاتەڕو، ئەمەش کارێکی پەسنی و ئێستاییە.

**زانیاریی سەر نەخشە**

ئەتڵەسی زمانی، زانیاریی فراوان لەسەر فەرهەنگی وشە و هاواتاکانیان بەدەستەوە دەدات، سنوری بەکارهێنانی وشە دیاری دەکات و کەتواری زمان و زارەکان دەخاتەڕو. هەروەها جیاوازییە دەنگییەکان لەگەڵ جیاوازیی بەکارهێنانی هێز و ئاوازەی وشەکان، لە ناوچە و هەرێمە جیاوازەکاندا، نیشاندەدەن و هەر نەخشەیەک تایبەتە بە دیاریکردنی سنوری بەکارهێنانی وشەیەک یان دیاردەیەکی دەنگیی دیاریکراو (الضامن، ١٩٨٩، ٤٣). (حسنعلی کدخدا) دەڵێت: ئەتڵەسی زمانی، کە بە ئەتڵەسی زاریش ناودەبرێت، کۆمەڵێک نەخشەی زمانییە، بڵاوبونەوەی دیاردەیەک یان کەرەستەیەکی زمانی لە ناوچەیەکی دیاریکراودا، لە ڕێگەی چەند هێمایەکی وەک سێگۆشە، بازنە، ئەستێرە، خاڵ،...هتد نیشان دەدات. بەم شێوەیە هەر نەخشەیەک سنوری بەکارهێنانی تایبەتمەندییەکی دەنگی، لێکسیکی، ڕێزمانی یان واتایی گۆڕاوێک

(کەرەستەیەک، کە بەچەند شێوەیەک دەردەکەوێت)، دەخاتەڕو. (سالح، ٢٠١٧، ٨٩). کەواتە نەخشەکان ئامرازی ڕونکردنەوەن بۆ نیشاندانی دیاردەیەکی زمانیی تایبەت بە شوێنێکی دیاریکراو، خوێنەر لەڕێگەی ئەتڵەسی زمانییەوە، زانیاریی ورد لەسەر وردەکاریی دیاردە زمانییە جۆراوجۆرەکان لە زمان و زارە جیاوازەکان وەردەگرێت، زانیارییەکان زۆر ورد و بابەتییانەن، گشت ئاستەکانی دەنگ و ڕێزمان و واتا دەگرنەوە. لەم توێژینەوەیەدا، هەر گۆڕاوێک ڕەنگی جیاوازی بۆ تەرخانکراوە، جیاواز لە ئەتڵەسی زمانی، کە هێما بۆ گۆڕاوەکان دادەنرێت، لێرەدا ڕەنگکراوە بە هێما.

**جۆرەکانی ئەتڵەسی زمانی**

سەرچاوە و توێژینەوەکانی بواری ئەتڵەسی زمانی، بە پێی کەرەستە و ئاستەکانی زمان، ئاماژە بە ئەتڵەسی جۆراوجۆر دەکەن:

لە ڕوی **قەبارە و ناوەڕۆکەوە** ئەم جۆرانەی ئەتڵەسی زمانی جیاکراونەتەوە: (مەحمود، ٢٠٢٢، ٢٣).

**ئەتڵەسی زمان (Language Atlas)**، کار لەسەر دابەشبونی جوگرافیی زمانەکان و دیاردەکانیان لەسەر ڕوی زەوی، دەکات.

**ئەتڵەسی زار (Dialect Atlas)**، کار لەسەر دابەشبونی دیاردەی زارەکانی زمانێکی دیاریکراو، لە سنورێکی دیاریکراودا، دەکات. داتا و دیاردە زمانییەکانی زارێک یان چەند زارێک وەردەگیرێت و سنور و شێوەی بڵاوبونەوەیان دەستنیشان دەکرێت.

لە ڕوی **بەکارهێنەرانی زمانەوە**، ئەم جۆرانەی ئەتڵەسی زمانی جیاکراونەتەوە: (ئەحمەد، ٢٠١١، ١١٤ - ١١٨).

**ئەتڵەسی زاری کۆمەڵایەتی Socio Dialect Atlas**، کار لەسەر وشە و زاراوەی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو دەکرێت (توێژێک، گەرەکێک، گوندێک، ...)، هەڵبژاردنی داتالێوەرگیراوەکان (فۆرمانت)یش لەسەر بنەمای جیاوازیی کۆمەڵایەتی دەبێت.

**ئەتڵەسی زاری جوگرافی Geography Dialect Atlas**، یەکە زمانییە جوگرافییەکان دەکرێن بە پێوەر، دیاردە و داتا زمانییەکان بەپێی ژینگە زمانییە جوگرافییەکان دابەشدەکرێن و سنور و جیاوازیی نێوانیان دەستنیشان دەکرێن.

**ئەتڵەسی زاری جوگرافی و کۆمەڵایەتی Geography and Socio Dialect Atlas**، هەردو ژینگەی زمانیی جوگرافی و کۆمەڵایەتی دەکرێن بە بنەما و پێوەری داتا و داتالێوەرگیراو، پێکهاتەی خێڵەکی و ئەتنیکی و چینایەتی و ژینگەی جوگرافی بەهەند وەردەگیرێن و دیاردەکان لەسەر نەخشە دەخرێنەڕو.

بەپێی **ئاستەکانی زمان**، ئەم جۆرانەی ئەتڵەسی زمان دەستنیشانکراون: (ئەحمەد، ٢٠١١، ١١٨ - ١٢٣)، (مەحمود، ٢٠٢٢، ٢٥ - ٢٧).

**ئەتڵەسی فۆنۆلۆژی Phonological Atlas**، گشت یاسا و دیاردە و گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکانی زمانەکە- بەفۆنیمە ناکەرتییەکانیشەوە- لە ژینگە جوگرافییە جیاوازەکانی زمانەکەدا دەستنیشان دەکرێن. هەروەها تۆمارکردن خستنەڕوی ئەو گۆڕانە فۆنۆلۆجییانەیە، کە بەسەر دیاردەیەکی زمانیدا هاتون، لە سنوری زار یان شێوەزاری ناوچەیەکی جوگرافیی دیاریکراودا. (حەمید، ٢٠٢٠، ٨٢).

**ئەتڵەسی مۆرفۆلۆژی Morphological Atlas**، گرنگی بە چۆنیەتیی کارکردنی مۆرفیمە ڕێزمانی و وشەدارێژەکان و یاساکانیان دەدرێت، لە ڕوی بڵاوبونەوەیان لە سنوری زمانەکەدا.


**ئەتڵەسی سینتاکسی Syntaxical Atlas**، کەرەستەی ئەم جۆرە ئەتڵەسە، مۆرفیمە سینتاکسییەکان و یاسا سینتاکسییەکانی زارەکانی زمانن، وەکو (دۆخ، نێرومێ، بکەرنادیار، ڕیزبونی کەرەستە، ...).

**ئەتلەسی سیمانتیکی Symantical Atlas**، کار لەسەر دیاریکردن و خستنەڕوی گۆڕانە واتاییەکان دەکات و گرنگیی تایبەت بە (کێڵگەی واتایی، هاواتا، دژواتا و جیاوازیی واتای وشە فەرهەنگییەکان) دەدات.

## بەشی دوەم: قەزای کۆیە

قەزای کۆیە، یەکێکە لە قەزاکانی پارێزگای هەولێر، دەکەوێتە بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگاکەوە. چەقی باشوری کوردستانە؛ کەوتۆتە نێوان هەرسێ پارێزگای (هەولێر، کەرکوک، سلێمانی). سنوری جیاکەرەوەی پارێزگای هەولێر و سلێمانییە؛ لە بەشی ڕۆژهەڵاتی زنجیرە چیای (هەیبەت سوڵتان) لە ناحیەی خەلەکانی سەر بە پارێزگای سلێمانیی جیادەکاتەوە، لە بەشی باشوریشی، زێی بچوک لە ناحیەی شوانی سەر بە پارێزگای کەرکوکی جیاکردوەتەوە. لە باکور و ڕۆژئاوادا لەگەڵ قەزای شەقڵاوە و ناحیەکانی کەسنەزان و قوشتەپەی سەر بە قەزای دەشتی هەولێر، هاوسنورە. (عبداللە، ٢٠١٣، ٢). نەخشەی (١).

نەخشەی(١) قەزای کۆیە لە هەرێمی کوردستاندا





کاری توێژەر پشتبەست بە:

1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانیی هەولێر.
2. بەرنامەی(Arc GIS).

قەزای کۆیە، بە ڕوبەری (٢٠٥٢)کم$^{2}$ (بکر، ٢٠١٠، ٢٨)، دەکەوێتە نێوان هەردو بازنەی پانیی (36.18 –35.47)ی باکور و هەردو هێڵی درێژیی(44.57 – 44.15)ی ڕۆژهەڵات، (١٤٪)ی سەرجەم ڕوبەری پارێزگای هەولێر پێکدەهێنێت. سنوری کارگێڕیی لەگەڵ(١١) ناحیەی جیاوازدا هەیە، هەندێکیان سەر بە پارێزگای هەولێرن، هەندێکی دیکەشیان سەر بە هەردو پارێزگای کەرکوک و سلێمانین. (سەعید، ٢٠٠٨، ١٣).

کارگێڕیی قەزای کۆیە، لە کۆیە و ناحیەکانی (تەقتەق، شۆڕش، ئاشتی، سکتان، سێگردکان) و گوندەکانیان پێکدێت. نەخشەی(٢).

نەخشەی(٢) شوێنی ئەسترۆنۆمیی قەزای کۆیە




کاری توێژەر پشتبەست بە:

1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە.
2. بەرنامەی(Arc GIS).

بەپێی کۆتا ئاماری سەرژمێریی گشتیی دانیشتوانی عێراق، ساڵی ٢٠٢٤، دەستەی ئامار، ژمارەی دانیشتوانی قەزای کۆیە (کۆمەڵگەی توێژینەوە)، (١١٠١٧٢) کەسە، (٤.٣٨٪)ی دانیشتوانی پارێزگای هەولێر پێکدەهێنێت.

## پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئاخێوەرانی ناوچەی توێژینەوە

قەزای کۆیە، کە لەلایەن دانیشتوانەکەی و خەڵکی زۆر ناوچەی دیکەی کوردستان بە (وراتی کۆیە) ناودێرە، پێکهاتەیەکی تێکەڵی هەیە؛ هۆز و بنەماڵە و خەڵکی جۆراوجۆری تێدایە، (خەڵکی ئاسایی، هەژار، دەوڵەمەند، ئاغا، جوتیار، ئاینپەروەر، نەتەوەیی،...)، هەیانە لە دێرزەمانەوە لێرەن، هەشیانە بە هۆکاری جیاواز و لە کات و سەردەمی جیاوازدا هاتون و لێرە نیشتەجێ بو-ون. (هورمزیار، دەربەندی، کورد، جاف، بەرزنجی، گۆران، مەنتک، بابانی، خۆشناو، بڵباس، مەنگوڕ، حەوێزی، غەفوری، جەلیزادە،ساڵحی، خەسرەوی، شێخ، سەید، ...)، لە ناوچەکەدا هەن. ئاستی خوێندن و خوێندەواری، بەگشتی، ئاستێکی بەرزی هەیە؛ پەرستگا و شوێنە ئاینیەکان و دواتر خوێندنگە، مێژویەکی دێرینیان لە ناوچەکەدا هەیە. لە لایەنی ئاینییشەوە، بە هەمان شێوە، ئەو هەمەڕەنگی و تێکەڵییە بە دانیشتوانەکەیەوە دیارە. لەڕوی ئابوری و داهاتەوە، زۆربەی دانیشتوانی ئێستای قەزای کۆیە فەرمانبەری میرین، هەندێکیشیان کار و پیشەی تایبەتیان هەیە، لە گوندەکاندا ئاژەڵداری و کشتوکاڵیش دەکەن.

لە گۆڤەری کۆیەدا، هەست بە ئەکسێنت یان شێوەئاخاوتنی جیاواز دەکرێت، کە سیمای شێوەئاخاوتنێکی تێکەڵی بە ناوچەی توێژینەوە بەخشیوە، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە:

1- هۆکاری کۆمەڵایەتی: بارودۆخی پەیوەندییە کلتوری و کۆمەڵایەتییەکان و تێکەڵبونی ئاخێوەرانی جیاواز، لە ناوچەکەدا.

2- هۆکاری جوگرافی: دراوسێیەتی و نزیکیی سنوری جوگرافیی شێوەئاخاوتنەکانی وەک خۆشناوەتی، موکریانی[iv]، دوکانی، شوانی، هتد.

3- هۆکاری ڕامیاری: بە هۆی بارودۆخی ڕامیاری و سەربازیی کوردستان، کۆیە لە مێژودا کەوتۆتە ناو چەقی ململانێ و شەڕی میرنشین و شۆڕشەکانی کورد، (ئێرە جێی باسکردنیان نییە). لە مێژوی هاوچەرخیشدا هەمان بارودۆخ درێژەی هەیە؛ بەر لە ڕاپەڕین، ڕاگواستنی دانیشتوانی گوندەکانی سنوری کۆیە بۆ ناو شار و نیشتەجێبونیان لە گەڕەکەکانی(ئازادی، حەمامۆک، کێلەخوارە، شەوگێڕاوە) و هەندێکیشیان لە گەڕەکەکانی (بایزاغا، قەڵات، بەفریقەندی، هەواو)، دواتریش بە هۆی شەڕی ناوخۆ و ئاوارەبونی ئاخێوەرانی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان و نیشتەجێبونی بەشێکیان لە سنوری توێژینەوەدا.

4- هەبونی هۆز و ئاین و نەتەوەی جیاواز لە سنوری توێژینەوەدا، بۆ نمونە (جاف)ەکان لە گوندی سماقوڵیی سەروچاوە، شێوەئاخاوتنیان زۆر جیاوازە لەگەڵ کۆیە. (زەند)ەکان لە گوندی کانی دەربەند و دەوروبەری، (مەنتک) لە گوندەکانی ناحیەی شۆڕش (دێگەڵە)، (بلْباس) لە گوندی قەشقەی دەشتی کۆیە، (هورمزیار) لە سوێرەڵە و کۆیە و دەوروبەری، (خۆشناو) لە سکتان و دەوروبەری، سریان و کلدانەکان لە کۆیە و هەرمۆتە، کەلهوڕەکان لە ناحیەی سێگردکان و تەقتەق و هەندێک گوندی دەشتی کۆیە، (کورد)ەکان لە ناو کۆیە و گوندەکانی (مام مەحمودە و حەمەبایزان)، کە ئێستا لە ناو سنوری شارەوانیی کۆیەدان، هتد.

ئەو هەمەڕەنگی و جۆراوجۆرییەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئاخێوەرانی ناوچەی توێژینەوە، لە ئاخاوتنی ئاخێوەراندا ڕەنگیداوەتەوە؛ وشە و کەرەستە زمانییەکان شێوەی دەربڕینی جیاواز و جۆراوجۆریان هەیە، ئەمەش هۆکاری ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، بە ئامانجی دیاریکردن و خستنەڕوی سنوری جوگرافیی دیاردە زمانییەکان و شێوە جیاوازەکانی درکاندنی گۆڕاوە زمانییەکان بە شێوەیەکی زانستی و دروست، لە چوارچێوەی ئەتڵەسی فۆنۆلۆژیی گۆڤەری کۆیەدا.

لە کۆیە، هەندێک وشە و کەرەستەی زمانی لە ئاخاوتندا بەکاردێن[v]، هەندێکیان لە ناوچەکانی دیکەی شێوەزاری سۆران و شێوەزارەکانی دیکەشدا جیاوازن[vi]. هەندێک لەم دیاردانە دیاردە و گۆڕانی فۆنۆلۆجین و هێندێکیشیان لە گۆڕانی فۆنۆلۆجی زیاترن و وشەی سەربەخۆن. ئەم توێژینەوەیەش سنوری جوگرافیی ئەم دیاردە و وشانە دەخاتەڕو.

**کۆکردنەوەی داتا**

توێژەر بە مەبەستی کۆکردنەوەی داتا و گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، سەردانی مەیدانیی ناوچەی توێژینەوەی کردوە و ئاخێوەرانی سنورەکەی دواندوە. فۆرمێکی وێنەداری ئامادەکردوە و نیشانی ئاخێوەرانیداوە و لێی پرسیون: لەم گوندە چی بەمە دەڵێن؟ خۆی زانیاری و شێوەی ئاخاوتنەکانی تۆمارکردوە.

خشتەی (١)

| کۆمەڵگای توێژینەوە | |
|---|---|
| ناوەندی قەزای کۆیە | ١ |
| شارەدێی تەقتەق | ١ |
| شارەدێی شۆڕش/ دێگەڵە | ١ |
| شارەدێی ئاشتی | ١ |
| شارەدێی سکتان | ١ |
| شارەدێی سێگردکان | ١ |
| گوندەکان | ١٣٠ |
| گوندە چۆڵەکان | ٨ |
| سەرجەم | ١٤٤ |

بەپێی خشتەی(١)،کۆمەڵگای توێژینەوەکە لە (١٤٤) کۆمەڵەی زمانی پێکدێت، بەڵام بە هۆی ئەوەی (٨) گوند چۆڵن و کەسیان تێدا نیشتەجێ نییە (کانی گوند، فەقێیان، کافرۆشیان، حەمەبایزان، یارەمیش، دارەمەزن، قورەبەرازە، کانی سلێمان)، تەنیا (١٣٦) کۆمەڵەی زمانی هەژمارکراون و داتایان لێ کۆکراوەتەوە.

**دەستنیشانکردنی داتالێوەرگیراو**

توێژەرانی بواری زارناسی و ئەتڵەسی زمانی، لەسەر ئەوە کۆکن کە ئاخێوەری شیاو بۆ کۆکردنەوەی داتا هەڵبژێردرێت، (باشتر وایە ئاخێوەر خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە بێت و نەخوێندەوار بێت، هەروەها بە هیچ هۆکارێک بۆ شوێنی تر کۆچی نەکردبێت) (حەمید، ٢٠٢٠، ٥٠). لە چوارچێوەی سەردانی ناوچەی توێژینەوە و پرسیار و گەڕان بەدوای کەسانی بەتەمەن و نەخوێندەوار، لە هەندێک شوێن وەک پێویست خەڵکانی شیاومان دەستنەکەوت، لەبەر کۆمەڵێک هۆکار:

- بارودۆخی سیاسی و سەربازیی ناوچەکە: لە دوای ساڵانی ١٩٨٧- ١٩٨٨و کارەساتی ئەنفال، گشت گوندەکانی ناوچەی توێژینەوە ڕوخێنران و دانیشتوانەکەیان بۆ کۆیە و تەقتەق ڕاگوێزران. واتە دۆزینەوەی کەسێک بەرکەوتەی زمانیی لەگەڵ خەڵکی تر نەبوبێت، زۆر ئەستەمە.
- کۆڕۆنا، خەڵکێکی زۆری بەتەمەنی ناوچەکەی کوشت و ژمارەی بەتەمەنەکان زۆر کەمن. تەنانەت گوندی وا هەیە لە ناوچەی توێژینەوە، بەتەمەنترین کەسیان لەدایکبوی (١٩٦٥)بوو!
- پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ژنخوازی لە نێوان دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە، جۆرێک لە تێکەڵاویی زمانیی بەرهەمهێناوە. وەک لە خشتەکانیشدا دەرکەوتوە، ناوچەی تێکەڵ زۆرە و لە هێندێک شوێن دو گۆڕاو بۆ یەک دیاردە بەکاردەهێنن.

توێژەر، چاوپێکەوتنی لەگەڵ (١٦٠)ئاخێوەری کۆمەڵگەی توێژینەوە کردوە. لە هەندێک شوێن زیاتر لە کەسێک بە نمونە وەرگیراون، بە هۆی جیاوازیی پیشە و تەمەن و پلەی خوێندەوارییان. لە پاشکۆدا ناو و زانیارییان دەخرێنەڕو.
گشتیان ئاخێوەر و دانیشتوی کۆمەڵە زمانییەکەی خۆیانن و وەک نوێنەری ئاخێوەرانی کۆمەڵە زمانییەکە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە، نەک تەنیا خۆی. زانیاریی ئەو کەسانەی داتایان لێ وەرگیراوە، لە خشتەی(٢)دا دەخرێتەڕو:

خشتەی (٢)

| زانیاریی داتالێوەرگیراوەکان | | | سەرجەم |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | ١٢٧ | ١٦٠ |
| | مێ | ٣٣ | |
| تەمەن | ٣٥ – ٥٠ ساڵ | ٢٩ | ١٦٠ |
| | ٥١ – ٧٥ ساڵ | ١١٦ | |
| | ٧٥ + زیاتر | ١٥ | |
| | بچوکترین | ١٩٨٩ | |
| | گەورەترین | ١٩٣٨ | |
| پیشە | جوتیار | ٩٣ | ١٦٠ |
| | کابانی ماڵ | ٣٣ | |
| | ئاژەڵدار | ١٠ | |
| | پێشمەرگە | ٦ | |
| | مامۆستا | ٤ | |
| | فەرمانبەر | ٤ | |
| | دوکاندار | ٣ | |
| | ئەنجومەن | ٣ | |
| | پیشەی تر | ٤ | |
| ئاستی خوێندن | نەخوێندەوار | ٩٦ | ١٦٠ |
| | کەمتر لە سەرەتایی | ١٧ | |
| | سەرەتایی | ٣٣ | |
| | ناوەندی | ٧ | |
| | ئامادەیی | ٢ | |
| | دیپلۆم | ٤ | |
| | بەکالۆریۆس | ١ | |

**بەشی سێیەم: خستنەڕوی ئەنجامەکان**


دوای سەردان و چاوپێکەوتن لەگەڵ داتالێوەرگیراوەکان، سنور و ڕێژەی بەکارهێنانی دەربڕاوەکان (گۆڕاوەکان)، بە نەخشە و خشتە و شێوە، دەخرێنەڕو. مەبەست لە گۆڕاوی زمانی، وشەیەکە کە دو یان چەند شێوەیەکی جیاوازی هەیە. (حەمید، ٢٠٢٠، ٥٢).

**زرۆبی**، جۆرە نانێکی لەڕۆندا سورکراوەیە، وێنەکەی لە پاشکۆدا هەیە. لە ئەنجامی سەردانی مەیدانی بۆ ناوچەی توێژینەوە، دەرکەوت گۆڕاوی (زرۆبی) ناوی جۆراوجۆری پێدەڵێن. لە خشتەی ژمارە(١)دا دیارە:

**خشتەی(١) زرۆبی**

| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | زرۆبی | 47 | 34.6 | 34.6 | 34.6 |
| | زرۆبی/ کولیچە | 2 | 1.5 | 1.5 | 36.0 |
| | زرۆبی/ پەپکەسورە | 1 | .7 | .7 | 36.8 |
| | ناوساجی/ پەپکەسورە | 2 | 1.5 | 1.5 | 38.2 |
| | نانسێری | 4 | 2.9 | 2.9 | 41.2 |
| | زڵۆبی | 1 | .7 | .7 | 41.9 |
| | ناومەقری | 1 | .7 | .7 | 42.6 |
| | کولیچە | 21 | 15.4 | 15.4 | 58.1 |
| | پەپکەسورە | 17 | 12.5 | 12.5 | 70.6 |
| | پەپکەسۆرە | 5 | 3.7 | 3.7 | 74.3 |
| | ناوسێری | 20 | 14.7 | 14.7 | 89.0 |
| | ناوسێرک | 5 | 3.7 | 3.7 | 92.6 |
| | ناوساجی | 7 | 5.1 | 5.1 | 97.8 |
| | نانساجی | 2 | 1.5 | 1.5 | 99.3 |
| | ناوتاوە | 1 | .7 | .7 | 100.0 |
| | سەرجەم | 136 | 100.0 | 100.0 | |

**شێوەی (١) زرۆبی**




سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە خشتەی (١)

وەک دەردەکەوێت، گۆڕاوی (زرۆبی)، (١٢) هێمای لێکچو و جیاوازی هەیە، سەرجەمیان لە ناوچەی توێژینەوەدا بە ڕێژەی جیاواز بەکاردێن. لە(٤٧) شوێن (زرۆبی)دەردەبڕن، دەکاتە نزیکەی(٣٥٪)ی ناوچەی توێژینەوە، (کولیچە) لە(٢١) شوێن بەکاردێت، دەکاتە نزیکەی(١٥٪)ی ناوچەی توێژینەوە، لە(٢٠) شوێن (ناوسێری) بەکاردێت دەکاتە نزیکەی(١٥٪)ی ناوچەی توێژینەوە، (پەپکەسورە) لە(١٧) شوێن دەردەبڕرێت، دەکاتە نزیکەی(١٣٪)ی ناوچەی توێژینەوە. ناوەکانی تریش بریتین لە (ناوساجی، ناوسێرک، پەپکەسۆرە، نانسێری، نانساجی، ناوتاوە، ناومەقری، زڵۆبی) بەڕێژەی جیاواز لە ناوچەی توێژینەوە بەکاردەهێنرێن. لە (٥) شوێن دو هێمای بۆ بەکاردەهێنن، واتە ناوچەی تێکەڵن، لە ناو یەک کۆمەڵەی زمانیدا، بەشێک لە ئاخێوەران هێمایەکی بۆ بەکاردەهێنن، بەشەکەی تر، هێمایەکی تر دەردەبڕن. بە بۆچونی ئێمە هۆکاری کۆمەڵایەتی و جوگرافی هۆکاری هەبونی ئەم دیاردەیەن.

لە نێوان (زرۆبی) و (زڵۆبی)دا، گۆڕانی دەنگی نەبزوێنی /ر/ بە /ڵ/ ڕویداوە. ئەم دیاردەی دەنگەگۆڕکێی /ر/ و /ڵ/ە، دیاردەیەکی دەنگسازیی شێوەزاری سۆرانییە.

لە نێوان (پەپکەسورە) و (پەپکەسۆرە)دا، گۆڕانی دەنگی بزوێنی /و/ بە /ۆ/ ڕویداوە. ئەمەش هەر تایبەتمەندییەکی دەنگسازیی شێوەزاری سۆرانییە. (سورکردنەوە- سۆرکردنەوە، سور- سۆر، ژور- ژۆر)

لە نێوان (نانساجی) و (ناوساجی)دا، گۆڕانی دەنگی نەبزوێنی /ن/ بە /و/ ڕویداوە، لە ئەنجامدا ناوی (نان) بوە بە هاوەڵکاری شوێنیی (ناو). لە نێوان (نانسێری) و (ناوسێری)یش، بە هەمان شێوە.


لە نێوان (ناوسێری) و (ناوسێرک)دا، دەنگ گۆڕکێی بزوێنی /ی/، بە نەبزوێنی /ک/، ڕویداوە.

لە نێوان (ناوساجی)، (ناوسێری)، (ناوتاوە)، (ناومەقری)دا، گۆڕانی لێکسیکی ڕویداوە، (ساج، سێر، تاوە، مەقری).

هیچ پەیوەندییەکی فۆنۆلۆجی لە نێوان (زرۆبی) و گۆڕاوەکانی تردا نییە، جگە لە (زڵۆبی). هەروەها (کولیچە)یش بە هەمان شێوە. جگە لەوەی لە هەندێک شوێنی ناوچەی توێژینەوە، کولیچە شتێکی ترە.

لە نەخشەی (١)دا داتاکان دەخرێنەڕو:

نەخشەی(١) زرۆبی





کاری توێژەر پشتبەست بە:

١.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە
٢.بەرنامەی(Arc GIS)
٣.خشتەی ژمارە(١)

**ئارو:** جۆرێکە لە سەوزە، ڕۆژانە لە خواردندا بەکاردەهێنرێت، لە زۆربەی کوردستان بە(خەیار) ناسراوە. لە کۆیە (ئارو)ی پێدەڵێن، بەڵام ئێستا (خەیار) شوێنی پێ لەقکردوە و وردەوردە جێیدەگرێتەوە؛ (ئارو) بەزۆری لای ئاخێوەری بەتەمەن بەکاردێت. لە ئەنجامی سەردانی مەیدانیی بۆ ناوچەی توێژینەوە، دەرکەوت چەند شێوەبەکارهێنانێکی هەیە، لە خشتەی(٢)دا دەخرێتەڕو.

شێوەی (٢) ئــارو




سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە خشتەی (٢)

**خشتەی(٢) ئارو**

| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | ئارو | 17 | 12.5 | 12.5 | 12.5 |
| | خەیار | 65 | 47.8 | 47.8 | 60.3 |
| | ئاروێ | 7 | 5.1 | 5.1 | 65.4 |
| | خیار | 19 | 14.0 | 14.0 | 79.4 |
| | خەیار / ئارو | 28 | 20.6 | 20.6 | 100.0 |
| | سەرجەم | 136 | 100.0 | 100.0 | |

بەپێی خشتەکە، (ئارو) لە(١٧) شوێن بەکاردێت دەکاتە نزیکەی(١٣٪)ی ناوچەی توێژینەوە، (خەیار) لە(٦٥) شوێن بەکاردێت، نزیکەی(٤٨٪)ی ناوچەی توێژینەوە دەگرێتەوە، واتە زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی هەیە لە ناوچەی توێژینەوەدا، بەڵام لە زۆربەی ئەو کۆمەڵە زمانییانە دەیانگوت: (جاران ئارو- ئاروێ، بو، بەڵام ئێستا خەیارە). (١٩) شوێن (خیار) بەکاردێت، دەکاتە(١٤٪)ی ناوچەی توێژینەوە. (ئاروێ) شێوەیەکی دیکەی هەمان گۆڕاوە، لە (ئارو)نزیکە، لە(٧) شوێن بەکاردێت، دەکاتە(٥٪)ی ناوچەی توێژینەوە. لە(٢٨) شوێن، بە ئێستای کۆیەشەوە، هەدو ناوی (ئارو، خەیار) بەکاردێت، دەکاتە نزیکەی(٢١٪)ی ناوچەی توێژینەوە. واتە بەگشتی (ئارو) لە(٤٥) شوێنی ناوچەی توێژینەوە بەکاردێت، بەتەنیا و بە هاوبەشی لەگەڵ (خەیار).


پەیوەندیی فۆنۆلۆجی لە نێوان (ئارو) و (ئاروێ)داهەیە: (ئا/رو) دو بڕگەیە، دەنگی /و/ بزوێنە. (ئار/وێ) دوبڕگەیە، دەنگی /و/ نەبزوێنە. لە (ئارو)دا /ێ/ تێچوە.

لە نێوان (خەیار) و (خیار)دا، گۆڕانی دەنگی بزوێنی کورت/ە/ بە /ابزرۆکە/، ڕویداوە.

لە نێوان (ئارو- ئاروێ) لەگەڵ (خەیار- خیار)، هیچ پەیوەندییەکی فۆنۆلۆجی لەئارادا نییە، (خەیار)، لێکسیمێکی جیاوازە، بەکاریگەریی زمانی عەرەبییەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردی. هۆکاری زۆر بڵاوبونەوەی و شوێنگرتنەوەی لێکسیمی (ئارو)، بە بۆچونی ئێمە، تەمەن و باری دەرونی و هەستی خۆبەکەمزانینی[vii] ئاخێوەرانی زمانی کوردییە، ئەگەر نا، فۆنیمەکانی /ئارو/ بە ژمارە، لە فۆنیمەکانی /خەیار/ کەمترن و گۆکردنیشیان ئاسانترە.

لە نەخشەی(٢)دا، سنوری بەکارهێنانیان بە ڕەنگی جیاواز، دەخرێتەڕو.

نەخشەی(٢) ئارو




کاری توێژەر پشتبەست بە:

١.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە


٢.بەرنامەی(Arc GIS)

٣.خشتەی ژمارە(٢)

**خون**: پێکهاتەیەکی سەرەکیی جەستە و ژیانی مرۆڤە. لە ناوچەی توێژینەوەدا بە(٤) شێوە دەردەبڕدرێت، وەکو لە خشتەی(٣)دا دیارە:

خشتەی(٣) خون

| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | خون xu:n | 16 | 11.8 | 11.8 | 11.8 |
| | خوێن xw3:n | 50 | 36.8 | 36.8 | 48.5 |
| | خین xi:n | 50 | 36.8 | 36.8 | 85.3 |
| | خوین xwi:n | 11 | 8.1 | 8.1 | 93.4 |
| | خون / خوێن | 6 | 4.4 | 4.4 | 97.8 |
| | خون / خین | 3 | 2.2 | 2.2 | 100.0 |
| | Total | 136 | 100.0 | 100.0 | |




سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە خشتەی (٣)

گۆڕاوی (خون) لە(١٦)شوێن بەکاردێت بە کۆیەوە، نزیکەی(١٢٪)ی ناوچەی توێژینەوە دەگرێتەوە، لە کاتێکدا هەریەک لە گۆڕاوەکانی(خوێن، خین) هەریەکەیان لە(٥٠) شوێنی ناوچەی توێژینەوە بەکاردێن و نزیکەی(٧٤٪)ی ناوچەی توێژنەوە دەگرنەوە. لە(١١) شوێن (خوین) بەکاردێت دەکاتە نزیکەی(٨٪)ی ناوچەی توێژینەوە، (٩)ناوچەی تێکەڵیش هەن، بە هاوبەشی گۆڕاوەکانی(خون، خوێن)، (خون، خین) بەکاردێن، دەکاتە نزیکەی(٦٪)ی ناوچەی

توێژینەوە. ئەم تێکەڵییە، بە بۆچونی ئێمە، بەشێکیان بۆ هۆکاری کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە، بەشێکیشیان بۆ هۆکاری جوگرافی؛ کە دەکەونە سنوری نێوان گۆڕاوەکانەوە، بۆ نمونە گوندەکانی (سێوەسەن، تیمارۆک، شەوگێڕ، ناسراغا، بانەگوڵان)، دەکەونە نێوان کۆمەڵە زمانییەکانی (خوێن، خون) بۆیە ئەوان هەردوکیان بەکاردەهێنن.

لە نێوان (خوێن) و (خون)دا، بزوێنی /ێ/ تێچوە و /و/ی نەبزوێن گۆڕاوە بە /و/ ی بزوێن.

لە نێوان (خون) و (خین)دا، بزوێنی /و/ گۆڕاوە بە بزوێنی /ی/.

لە نێوان (خوێن) و (خوین)دا، بزوێنی /ێ/ گۆڕاوە بە بزوێنی /ی/.


لە نێوان (خوین) و (خین)دا، /و/ی نەبزوێن تێچوە.

لە نێوان (خون) و (خوین)دا، /و/ی بزوێن گۆڕاوە بە /و/ی نەبزوێن و /ی/ی بزوێن هاتۆتە ناوەوە.

هەر چوار گۆڕاوەکە (خون، خین، خوین، خوێن)، لە یەک بڕگە پێکهاتون.

داتاکان لە نەخشەی(٣)دا دەخرێنەڕو:

نەخشەی(٣) خون




کاری توێژەر پشتبەست بە:

١.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە

٢.بەرنامەی(Arc GIS)

٣.خشتەی ژمارە(٣)


جێگای سەرنجە زۆربەی ئەو شوێنانەی گۆڕاوی (خوێن) بەکاردەهێنن، لەگەڵ پارێزگاکانی سلێمانی و کەرکوک هاوسنورن. گوندەکانی کانی دەربەند و سماقوڵیی سەروچاوە، خۆیان دەڵێن (زەند و جاف)ن،واتە لە بنەڕەتدا سەر بە سنوری ناوچەی توێژینەوە نەبو-ون، چەندسەد ساڵێکە لە ناوچەی توێژینەوە نیشتەجێن، ئەوانیش خوێن بەکاردەهێنن.

**گوز**: یەکێکی ترە لە گۆڕاوەکانی تایبەت بە کۆیە و دەوروبەری، لە زۆربەی شێوەزارەکانی کوردیی ناوەڕاستدا(گوێز) بەکاردێت. لە سەردانی مەیدانیی ناوچەی توێژنیەوە، شێوە جیاوازەکانی ئەم گۆڕاوە دەستنیشانکرا، وەک لە خشتەی (٤)دا دیارە:

خشتەی(٤) گوز

| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | gu:z گوز | 16 | 11.8 | 11.8 | 11.8 |
| | ʤwɜ:zگوێز | 53 | 39.0 | 39.0 | 50.7 |
| | ʤi:z گیز | 45 | 33.1 | 33.1 | 83.8 |
| | ʤwi:z گویز | 15 | 11.0 | 11.0 | 94.9 |
| | گوز / گیز | 3 | 2.2 | 2.2 | 97.1 |
| | گوز / گوێز | 4 | 2.9 | 2.9 | 100.0 |
| | سەرجەم | 136 | 100.0 | 100.0 | |

شێوەی (٤) گــووز




سەرچاوە: كاری توێژەر، پشتبەست بە خشتەی (٤)

بە سەرنجدان لە خشتەی(٤)، دەردەكەوێت ئەم گۆڕاوە لە ناوچەی توێژینەوەدا(٤) شێوە دەربڕینی هەیە: (گوز) لە(١٦) شوێن بەتەنیا بەكاردێت، دەكاتە نزیكەی(١٢٪)ی ناوچەی توێژینەوە، هەروەها لە(٧) شوێنی دیكەش بە هاوبەشی لەگەڵ گۆڕاوەكانی(گوێز و گیز)دا بەكاردێت، دەكاتە نزیكەی(٥٪)ی ناوچەی توێژینەوە، واتە پلەی سێیەمی ڕێژەی بەكارهێنانی هەیە. (گوێز) لە(٥٣)شوێن بەكاردێت، دەكاتە(٣٩٪)ی ناوچەی توێژینەوە، واتە زۆرترین بەكارهێنانی هەیە. (گیز) لە(٤٥) شوێن بەكاردێت، نزیكەی(٣٣٪)ی ناوچەی توێژینەوە دەگرێتەوە و دووەم ڕێژەی بەكارهێنانی هەیە. چوارەم پلەی ڕێژەی بەكارهێنان، گۆڕاوی (گویز) گرتویەتی؛ لە(١٥) شوێن بەكاردێت، دەكاتە (١١٪)ی ناوچەی توێژینەوە.

لە نێوان (گوز) و (گیز)دا، دەنگەگۆڕكێی بزوێنەكان ڕویداوە؛ /و/ گۆڕاوە بە /ی/. هەروەها دەنگی /گ/ لە /گیز/دا، بە ئەلۆفۆنی /ʤ/ گۆدەكرێت.


لە نێوان (گوێز) و (گوز)دا، بزوێنی /ێ/ تێچوە و /و/ی نەبزوێن گۆڕاوە بە /و/ی بزوێن.

لە نێوان (گوێز) و (گویز)دا، دەنگۆڕكێی بزوێنەكانی /ێ، ی/ ڕویداوە.

لە نێوان (گوز) و (گویز)دا، /و/ی بزوێن گۆڕاوە بە /و/ی نەبزوێن و /ی/ی بزوێن هاتۆتە ناوەوە.

نەخشەی(٤) ئەم زانیارییانە دەخاتەڕو:

نەخشەی(٤) گوز





کاری توێژەر پشتبەست بە:
١.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە
٢.بەرنامەی(Arc GIS)
٣.خشتەی ژمارە(٤)

بەگوێرەی نەخشەی(٤)، گشت ئەو شوێنانەی(گوز) دەردەبڕن، بریتین لە(کۆیە و دەوروبەری)، بە ڕەنگی زەرد ئاماژەیان بۆ کراوە. زۆربەی ئەو شوێنانەی(گوێز) دەردەبڕن، دەکەونە ڕۆژهەڵات و باشوری نەخشەکە، واتە لەگەڵ پارێزگاکانی سلێمانی و کەرکوک هاوسنورن. ئەوانەش(گیز) بەکاردەهێنن، دەکەونە ڕۆژئاوای نەخشەکە و لەگەڵ قەزای دەشتی هەولێردا هاوسنورن. بەشێک لەو کۆمەڵە زمانییانەی (گویز) دەردەبڕن، لە سنوری شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتیدان.

**خوندن**: چاوگێکی تێپەڕە، لە ناوچەی توێژینەوە شێوەی دەربڕینی جیاوازی هەیە، لە زۆربەی شێوەزارەکانی کوردیی ناوەڕاستدا (خوێندن)ە. لە سەردانی مەیدانیی ناوچەی توێژینەوە، فۆڕمە وێنەدارەکەمان نیشانی داتالێوەرگراوەکان دەدا، وێنەی پۆلێکی خوێندنی تێدابو، دەمانپرسی( ئەوانە چی دەکەن؟)، بەمەبەستی دەربڕین و گۆکردنی شێوەی گۆڕاوەکە لەو شوێنە، دواتر پرسیارێکی دیکەیان ئاراستە دەکرا؛ ئایا هیچی تری پێ دەڵێن؟ بە مەبەستی زانینی گۆڕاوی دیکە. کۆی وەڵامەکان لە خشتەی(٥)دا دەخرێنەڕو.

خشتەی(٥) خوندن

| | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|
| خوندن | 17 | 12.5 | 12.5 | 12.5 |
| خوێندن | 50 | 36.8 | 36.8 | 49.3 |
| خیندن | 47 | 34.6 | 34.6 | 83.8 |
| خویندن | 13 | 9.6 | 9.6 | 93.4 |
| خوندن/ خوێندن | 6 | 4.4 | 4.4 | 97.8 |
| خیندن/ خوندن | 3 | 2.2 | 2.2 | 100.0 |
| سەرجەم | 136 | 100.0 | 100.0 | |




سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە خشتەی (٥)

به سەرنجدان لە خشتەی(٥)، دەبینین گۆڕاوی (خوندن) لە ناوچەی توێژینەوە(٤) شێوە دەربڕینی هەیە. لە(١٧) شوێن (خوندن) بەکاردێت، دەکاتە نزیکەی (٪١٣)ی ناوچەی توێژینەوە، هەروەها لە(٩) شوێنیش بە هاوبەشی لەگەڵ (خوێندن و خیندن)دا بەکاردێت، دەکاتە نزیکەی (٪٦)ی ناوچەی توێژینەوە و پلەی سێیەمی ڕێژەی بەکارهێنان دەگرێت. زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنان (خوێندن)ە، لە(٥٠) شوێن بەکاردێت، دەکاتە نزیکەی(٪٣٧)ی ناوچەی توێژینەوە. پلەی دوەم(خیندن)ە، لە(٤٧) شوێندا بەکاردێت و دەکاتە نزیکەی(٪٣٥)ی ناوچەی توێژینەوە. (خویندن)، لە ڕیزبەندی چوارەمە، لە(١٣) شوێن بەکاردێت و دەکاتە نزیکەی (٪١٠)ی ناوچەی توێژینەوە.

لە نێوان (خوێندن) و (خوندن)دا، بزوێنی /ێ/ تێچوە و /و/ی نەبزوێن گۆڕاوە بە /و/ ی بزوێن.

لە نێوان (خوندن) و (خیندن)دا، بزوێنی /و/ گۆڕاوە بە بزوێنی /ی/.

لە نێوان (خوێندن) و (خویندن)دا، بزوێنی /ێ/ گۆڕاوە بە بزوێنی /ی/.


لە نێوان (خویندن) و (خیندن)دا، /و/ی نەبزوێن تێچوە.

لە نێوان (خوندن) و (خویندن)دا، /و/ی بزوێن گۆڕاوە بە /و/ی نەبزوێن و /ی/ی بزوێن هاتۆتە ناوەوە.

هەر چوار گۆڕاوەکە (خوندن، خیندن، خویندن، خوێندن)، لە دو بڕگە پێکهاتون.

کاتێک ئەم داتایانە لەسەر نەخشە دادەنێین، نەخشەی (٥) بەرهەمدێت.

نەخشەی(٥) خوندن




کاری توێژەر پشتبەست بە:

١.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە

٢.بەرنامەی(Arc GIS)

٣.خشتەی ژمارە(٥)


بەگوێرەی نەخشــەی(٥)، زۆربەی ئەو شــوێنانەی گۆڕاوی (خوێندن) بەکاردەهێنن، دەکەونە ڕۆژهەڵات و باشــوری ســنوری توێژینەوە؛ لەگەڵ پارێزگاکانی (سـلێمانی و کەرکوک) هاوسـنورن. ئەو شـوێنانەش (خیندن) دەردەبڕن، بەزۆری

دەکەونە باکور و ڕۆژئاوای ناوچەی توێژینەوە، لەگەڵ(قەزای شـــەقڵاوە و قەزای دەشـــتی هەولێر) هاوســـنورن. هەڵکەوتەی جوگرافیی ناوچە تێکەڵەکان، کەوتونەتە نێوان دو گۆڕاوی زمانی.

**درونە**: کاری درەوکردن (الحصـــاد)، کۆکردنەوە و هەڵگرتنەوەی بەروبومە، بەتایبەت (گەنم و جۆ). یەکێکی ترە لەو گۆڕاوانەی لەم توێژینەوەیەدا کاری لەســـەر کراوە، لە ســـەردانی مەیدانیی ناوچەی توێژینەوە ســـەرنجی شـــێوەجیاواز و لێکنزیکەکانی دەربڕینی ئەم گۆڕاوەمان دا، وەک لە خشتەی(٦)دا دیارە:

خشتەی(٦) درونە

| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | درونە | 115 | 84.6 | 84.6 | 84.6 |
| | دورینە | 2 | 1.5 | 1.5 | 86.0 |
| | دورنە | 6 | 4.4 | 4.4 | 90.4 |
| | دروینە | 4 | 2.9 | 2.9 | 93.4 |
| | دروێنە | 8 | 5.9 | 5.9 | 99.3 |
| | درەو | 1 | .7 | .7 | 100.0 |
| | سەرجەم | 136 | 100.0 | 100.0 | |





سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە خشتەی (٦)

بە سەرنجدان لە خشتەی(٦)دا، دەردەکەوێت ئەم گۆڕاوە(٦) جۆر بەکارهێنانی هەیە، کە لە پێکهاتەی دەنگییەوە زۆر لەیەکنزیکن؛ (درونە، دورنە)، (دروینە، دورینە)، تەنیا دیاردەی جێگۆڕکێی دەنگی /ر،و/ لەنێوانیاندا هەیە، (دروێنە، دروینە) دیاردەی دەنگ گۆڕکێی بزوێنەکانی /ێ، ی/ لەنێوانیانداهەیە، ئەوەی لەناویاندا کەمێک جیاوازە (درەو)ە، ئەویش دەنگی /ن/ تێچوە و جێگۆڕکێی دەنگی ڕویداوە، ئەگینا فۆنیمەکانیان هاوبەشن.

(درونە) زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی لە ناوچەی توێژینەوەدا هەیە؛ لە(١١٥) شوێندا بەکاردەهێنرێت، دەکاتە نزیکەی (٨٥٪)ی ناوچەی توێژینەوە. (دروێنە) شێوەیەکی دیکەی گۆڕاوەکەیە، ڕیزبەندی دوەم وەردەگرێت، لە(٨) شوێن بەکاردەهێنرێت، دەکاتە(٦٪)ی ناوچەی توێژینەوە. (دورنە) بە پلەی سێیەم دێت، لە(٦) شوێن بەکاردێت، دەکاتە

نزیکەی(٤٪)ی ناوچەی توێژینەوە. (دروینە، دوررینە، درەو) یەکلەدواییەک، بە ڕیزبەندی چوارەم، پێنجەم، شەشەم دێن.

نەخشەی(٦) دروونە




کاری توێژەر پشتبەست بە:

١.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە


٢.بەرنامەی(Arc GIS)

٣.خشتەی ژمارە(٦)

**دەزی**: داوێکی کەمێک ئەستورە، بۆ دورینی لێفە بەکاردێت (وێنەکەی لە پاشکۆدا هەیە)، لە داوی بەکرە ئەستورترە، لە هەندێک شێوەزاری کوردیی ناوەڕاستدا پێیدەڵێن (دەزو). لە سەردانی مەیدانیی ناوچەی توێژینەوەدا، شێوە جیاوازەکانی دەربڕینی ئەم گۆڕاوە دەستنیشانکراوە. وەک لە خشتەی(٧)دا هاتوە:

خشتەی(٧) دەزی

| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | دەزی | 72 | 52.9 | 52.9 | 52.9 |
| | دەزو | 54 | 39.7 | 39.7 | 92.6 |
| | مەچیر | 5 | 3.7 | 3.7 | 96.3 |
| | دەزی / دەزو | 5 | 3.7 | 3.7 | 100.0 |
| | سەرجەم | 136 | 100.0 | 100.0 | |





سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە خشتەی (٧)

بە سەرنجدان لە خشتەی(٧)، دەردەکەوێت گۆڕاوی (دەزی)، (٣)ناوی هەیە، (دەزی، دەزو) تەنیا گۆڕانی دەنگی بزوێنی /و،ی/ (دەنگەگۆڕکێ) تێیدا ڕویداوە، بەڵام (مەچیر) گۆڕانێکی لێکسیکییە و هیچ پەیوەندییەکی بە شێوەکانی

دیکەوە نییە. (مەچیر) لە فەرهەنگەکانی (مەردۆخ، هەنبانە بۆرینە، خاڵ) بە واتای (دەزو، تاڵ، داوەبەن) هاتوە. (دەزی) لە(٧٢) شوێن بەکاردەهێنرێت، دەکاتە نزیکەی(٪٥٣)ی ناوچەی توێژینەوە، ڕیزبەندی یەکەمی لە بەکارهێناندا گرتوە، جگە لەمەش لە (٥) شوێنی دیکەدا بە هاوبەشی لەگەڵ (دەزو)دا بەکاردێت، دەکاتە نزیکەی(٪٤)ی ناوچەی توێژینەوە. لە(٥٤)شوێندا (دەزو) دەردەبڕدرێت، ڕیزبەندی دووەمە و دەکاتە نزیکەی(٪٤٠)ی ناوچەی توێژینەوە. (مەچیر) بە پلەی سێیەم دێت، لە(٥) شوێندا بەکاردێت و دەکاتە نزیکەی(٪٤)ی ناوچەی توێژینەوە. ئەو (٥)گۆمەڵە زمانییەی (مەچیر) دەردەبڕن، هاوسنورن، (ئۆمەرگومبەت، سێگردکان، سێکانی) لە بنەڕەتدا (کەلهوری)ن و (تازەدێ و قەمبەر)یش دراوسێ و هاوسنوریانن و تێکەڵاویی کۆمەڵایەتیشیان لەگەڵیاندا هەیە. لە نەخشەی (٧)دا ئەم داتایانە بە ڕەنگی تایبەت بەرجەستەدەکرێن.

نەخشەی(٧) دەزی





کاری توێژەر پشتبەست بە:

١.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە

٢.بەرنامەی(Arc GIS)

٣.خشتەی ژمارە(٧)

**دەلوجە**: بەروبومی جۆرێک سەوزەیە، دەخورێت، گۆڕاوێکی دیکەی ناوچەی توێژینەوەیە، لە دەرەوەی ناوچەی توێژینەوەدا (بیبەر) هاواتایەتی. لە کۆیە هەندێک ئاخێوەر تەنیا بە جۆری شیرین دەڵێن دەلوجە، بە جۆری تیژەکەی (تون) دەڵێن (بیبەر)، بەڵام زۆرینە بە هەردوکیان دەڵێن (دەلوجەی شیرن، دەلوجەی تیژ). لە سەردانی ناوچەی توێژینەوە، ئەم داتایانە کۆکرانەوە، کە لە خشتەی (٨)دا، خراونەتەڕو:





سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە خشتەی (٨)

خشتەی(٨) دەلوجە

| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | دەلوجە | 48 | 35.3 | 35.3 | 35.3 |
| | بیبەر | 52 | 38.2 | 38.2 | 73.5 |
| | دەلوجە/ بیبەر | 36 | 26.5 | 26.5 | 100.0 |
| | سەرجەم | 136 | 100.0 | 100.0 | |

بە سەرنجدان لە خشتەی(٨) دەردەکەوێت، ئەم گۆڕاوە تەنیا دو لێکسیمی هەیە و ڕێژەی جیاوازیی بەکارهێنانیان زۆر نییە؛ (دەلوجە) لە(٤٨) شوێن بەکاردەهێنرێت، دەکاتە نزیکەی(٪٣٥)ی ناوچەی توێژینەوە، (بیبەر) لە(٥٢) شوێن بەکاردەهێنرێت، دەکاتە نزیکەی(٪٣٨)ی ناوچەی توێژینەوە. لە(٣٦) شوێن هەردوکیان بەکاردەهێنرێن، واتە (٣٦) کۆمەڵەی زمانیی تێکەڵمان هەیە، دەکاتە نزیکەی(٪٢٧)ی ناوچەی توێژینەوە. لە نەخشەی(٨) بە ڕەنگی جیاواز دیاریکراون.

نەخشەی(٨) دەلوجە




کاری توێژەر پشتبەست بە:


١.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتی شارەوانیی کۆیە

٢.بەرنامەی(Arc GIS)

٣.خشتەی ژمارە(٨)

**شیشۆق**: ناوێکە لە کۆیە و دەوروبەری، بە پارچەشوشەی شکاو و بچوک دەوترێت (وێنەکەی لە پاشکۆدا هەیە). لە کۆیە دەڵێن: (ئاگات لە خۆ بی، شیشۆقت لەپێی ڕانەچی). لە سەردانی ناوچەی توێژینەوە دەرکەوت، ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم گۆڕاوە بەو شێوەیە وەک لە خشتەی(٩)دا دەخرێتەڕو:

شێوەی (٩) شیشۆق




سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە خشتەی (٩)


خشتەی(٩) شیشۆق

| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | شیشۆق | 54 | 39.7 | 39.7 | 39.7 |
| | وردە شوشە | 68 | 50.0 | 50.0 | 89.7 |
| | پەلە شوشە | 13 | 9.6 | 9.6 | 99.3 |
| | هوردە شوشە | 1 | .7 | .7 | 100.0 |
| | سەرجەم | 136 | 100.0 | 100.0 | |

بە سەرنجدان لە خشتەی(٩)، دەردەکەوێت ئەم گۆڕاوە(٤) شێوە بەکارهێنانی هەیە، (وردە شوشە، هوردە شوشە، پەلە شوشە) لە فۆڕمدا زۆر لەیەکەوە نزیکن، تەنیا (شیشۆق) جیاوازە. (شیشۆق، شیشۆقە) لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا بە واتای "وردە شووشە و سواڵەتی ڕەنگدار مناڵ گاڵتەی پێ دەکەن، قاشولە" تۆمارکراوە (هەژار، ١٣٨١، ٤٩٩). بە بۆچونی ئێمە (شوشە) و (شیشە) تەنیا گۆڕانی دەنگی بزوێنی /و/ بە /ی/ ڕویداوە، بزوێنە کورتەکەی کۆتاییش تێچوە و مۆرفیمی بچوککردنەوەی (ۆکە- ۆک- ۆقە- ۆق)ی چوەتە سەر. لە نێوان (هوردە شوشە) و (وردە شوشە)دا، تەنیا دەنگی کپی /ه/ی سەرەتا، تێچوە.

(شیشۆق) لە(٥٤) شوێندا بەکاردێت، دەکاتە نزیکەی(٪٤٠)ی ناوچەی توێژینەوە و دوەم ڕێژەی بڵاوبونەوەی هەیە. (وردە شوشە) زۆرترین ڕێژەی بڵاوبونەوەی هەیە؛ لە(٦٨) شوێن بەکاردەهێنرێت، دەکاتە(٪٥٠)ی ناوچەی توێژینەوە. (پەلە شوشە) لە(١٣) شوێن بەکاردەهێنرێت، دەکاتە نزیکەی(٪١٠)ی ناوچەی توێژینەوە. (هوردە شوشە)، تەنیا لە یەک گوند بەکاردێت، وەک لە نەخشەی(٩)دا دیارە:

نەخشەی(٩) شیشۆق



کاری توێژەر پشتبەست بە:

١.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتی شارەوانیی کۆیە

٢.بەرنامەی(Arc GIS)


٣.خشتەی ژمارە(٩)

**مشکی١**: وشەیەکە لە کۆیە و دەوروبەری بۆ خۆڵی پاشماوەی (ڕەژو/ خەڵوز)بەکاردەهێنرێت، کە لە هەندێک ناوچەی دیکەی زاری کوردیی ناوەڕاست پێیدەڵێن(خۆڵەمێش). لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا بەم شێوەیە تۆمارکراوە: ١- خۆڵە کەوە، خۆڵەمێش، بوڵ؛ ٢- جۆرێ پارچەی ئاوریشم کە دەکرێتە پێچی سەر، شەدە؛ ٣- ڕەنگی ڕەش. (هەژار، ١٣٨١، ٨١٠). لە سەردانی ناوچەی توێژینەوە، ئەو زانیارییانەی خشتەی(١٠) کۆکراوەتەوە.

خشتەی(١٠) مشکی ١

| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | مشکی | 77 | 56.6 | 56.6 | 56.6 |
| | خۆڵەمێش | 39 | 28.7 | 28.7 | 85.3 |
| | خۆرەمێش | 13 | 9.6 | 9.6 | 94.9 |
| | خۆرەمشکی | 1 | .7 | .7 | 95.6 |
| | خۆرەمێشک | 1 | .7 | .7 | 96.3 |
| | خۆڵەمشکی | 1 | .7 | .7 | 97.1 |
| | خۆرەمێش/ مشکی | 2 | 1.5 | 1.5 | 98.5 |
| | خۆڵەمێش/ مشکی | 1 | .7 | .7 | 99.3 |
| | خۆرەمێش/ خۆڵەمێش | 1 | .7 | .7 | 100.0 |
| | سەرجەم | 136 | 100.0 | 100.0 | |

شێوەی (١٠) مشکی١





سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە خشتەی (١٠)

بە سەرنجدان لە خشتەی(١٠) ڕوندەبێتەوە، (مشکی) لە(٧٧) شوێن بەکاردەهێنرێت و لە ڕیزبەندی یەکەمی ڕێژەی بڵاوبونەوەدایە، نزیکەی (٪٥٧)ی ناوچەی توێژینەوە دەگرێتەوە. (خۆڵەمێش) بە پلەی دوەم دێت، لە(٣٩) شوێن بەکاردەهێنرێت، دەکاتە نزیکەی(٪٢٩)ی ناوچەی توێژینەوە. (خۆرەمێش) لە پلەی سێیەمدایە؛ لە(١٣) شوێن

بەکاردەهێنرێت و دەکاتە نزیکەی (٪ ١٠)ی ناوچەی توێژینەوە. چوار کۆمەڵەی زمانیی تێکەڵ لە ناوچەی توێژینەوە هەن، کە دو وشە بە هاوبەشی بەکاردەهێنرێن.

لە نێوان گۆڕاوەکانی (خۆڵەمێش) و (خۆرەمێش)، (خۆرەمشکی) و (خۆڵە مشکی)، تەنیا گۆڕانی دەنگی / ڵ- ر/ ڕویداوە، کە سیمایەکی دیاری شێوەزاری سۆرانییە. لە(خۆرەمێش و خۆرەمێشک)دا، تەنیا /ک/ زیادیکردوە. لە نێوان (مشکی، خۆرە مشکی، خۆڵە مشکی) مشکی هاوبەشە و لێکسیمەکانی خۆڵ و خۆر جیاوازییان دروستکردوە. شێوەی دابەشبون و بڵاوبونەوەیان لە نەخشەی(١٠)دا دەخرێتەڕو:

نەخشەی(١٠) مشکی١





کاری توێژەر پشتبەست بە:

١.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتی شارەوانیی کۆیە

٢.بەرنامەی(Arc GIS)

٣.خشتەی ژمارە(١٠)

**مۆری**: کەلوپەلێکی بچوکی جوانکارییە، وێنەکەی لە پاشکۆدا هەیە، گۆڕاوێکی دیکەی ناوچەی توێژینەوەیە. لە سەردانی ناوچەی توێژینەوە، ئەم زانیارییانەی خشتەی(١١)، لەسەر (مۆری) کۆکرایەوە:



سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە خشتەی (١١)

خشتەی(١١) مۆری

| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | مۆری | 75 | 55.1 | 55.1 | 55.1 |
| | مورو | 9 | 6.6 | 6.6 | 61.8 |
| | مێرو | 36 | 26.5 | 26.5 | 88.2 |
| | میرو | 12 | 8.8 | 8.8 | 97.1 |
| | موری | 2 | 1.5 | 1.5 | 98.5 |
| | مرو | 1 | .7 | .7 | 99.3 |
| | مۆرو | 1 | .7 | .7 | 100.0 |
| | سەرجەم | 136 | 100.0 | 100.0 | |

بە سەرنجدان لە خشتەی(١١)، دەردەکەوێت ئەم گۆڕاوە (٧)شێوە دەربڕینی لێکچوی هەیە، کە دەنگە نەبزوێنەکانی /م، ر/ تێیاندا هاوبەشن و دەنگە بزوێنەکانی /ۆ، و، ێ، ی، i، و/ جیاوازن.

لە نێوان گۆڕاوەکانی (مۆری، موری)دا، دەنگەگۆڕکێی بزوێنی /ۆ/ بە /و/ ڕویداوە.

لە نێوان گۆڕاوەکانی (مۆری، مۆرو)دا، دەنگەگۆڕکێی بزوێنی /ی/ بە /و/ ڕویداوە.

لە نێوان گۆڕاوەکانی (مێرو، مورو، میرو، مرو)دا، دەنگەگۆڕکێی بزوێنەکان /ێ، و، ی، بزرۆکە/ لە بڕگەی یەکەمی گۆڕاوەکەدا ڕویداوە.

لە نێوان گۆڕاوەکانی (مۆری، مێرو)، لە بڕگەی یەکەمدا، دەنگەگۆڕکێی بزوێنی /ۆ/ بە /ێ/ ڕویداوە، لە بڕگەی دوەمیشدا دەنگەگۆڕکێی بزوێنی /ی/ بە /و/ ڕویداوە.


لە نێوان گۆڕاوەکانی (مۆری، مورو)، لە بڕگەی یەکەمدا، دەنگەگۆڕکێی بزوێنی /ۆ/ بە /و/ ڕویداوە، لە بڕگەی دوەمیشدا دەنگەگۆڕکێی بزوێنی /ی/ بە /و/ ڕویداوە.

لە نێوان گۆڕاوەکانی (مۆری، میرو)، لە بڕگەی یەکەمدا، دەنگەگۆڕکێی بزوێنی /ۆ/ بە /ی/ ڕویداوە، لە بڕگەی دوەمیشدا دەنگەگۆڕکێی بزوێنی /ی/ بە /و/ ڕویداوە.

لە نێوان گۆڕاوەکانی (مۆری، مرو)، لە بڕگەی یەکەمدا، دەنگەگۆڕکێی بزوێنی /ۆ/ بە /بزرۆکە/ ڕویداوە، لە بڕگەی دوەمیشدا دەنگەگۆڕکێی بزوێنی /ی/ بە /و/ ڕویداوە.

ڕێژەی بڵاوبونەوەیان بەم جۆرەیە: (مۆری) لە(٧٥) شوێندا بەکاردەهێنرێت، دەکاتە نزیکەی(٪٥٥)ی ناوچەی توێژینەوە، بە پلەی یەکەم دێت. لە پلەی دوەم، (مێرو)ە، لە(٣٦) شوێن بەکاردەهێنرێت، دەکاتە نزیکەی (٪٢٧)ی ناوچەی توێژینەوە. (میرو) لە پلەی سێیەم دێت، لە(١٢) شوێن بەکاردەهێنرێت، دەکاتە نزیکەی(٪٩)ی ناوچەی توێژینەوە. (مورو) لە پلەی چوارەمدایە و (موری) پێنجەم و (مرو، مۆرو) لە پلەی شەشەمن. لە نەخشەی(١١) شوێن و سنوری بڵاوبونەوەیان دەخرێتەڕو:

نەخشەی(١١) مۆری




کاری توێژەر پشتبەست بە:

١.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتی شارەوانیی کۆیە

٢.بەرنامەی(Arc GIS)


٣.خشتەی ژمارە(١١)

**مشکی٢**: ئەم گۆڕاوە هەمان گۆکردنی (مشکی١)ی هەیە (هاوبێژن)، بەڵام دەروازەی فەرهەنگییان جیاوازە و واتای جیاوازیان هەیە، بەو پارچە قوماشە تایبەتە ڕەنگخۆڵەمێشییە دەوترێت، کە هاوشێوەی (جەمەدانی) پیاوان لەسەریدەکەن. لە سەردانی ناوچەی توێژینەوە، زانیارییەکانی خشتەی(١٢) بەدەستهاتون:

خشتەی(١٢) مشکی ٢

| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | tʃ مشکی | 95 | 69.9 | 69.9 | 69.9 |
| | جەمەدانی | 6 | 4.4 | 4.4 | 74.3 |
| | مشکینی | 1 | .7 | .7 | 75.0 |
| | هەوری | 17 | 12.5 | 12.5 | 87.5 |
| | دەسمار | 5 | 3.7 | 3.7 | 91.2 |
| | شەدە | 9 | 6.6 | 6.6 | 97.8 |
| | شەدە/هەوری | 1 | .7 | .7 | 98.5 |
| | k مشکی | 2 | 1.5 | 1.5 | 100.0 |
| | سەرجەم | 136 | 100.0 | 100.0 | |

شێوەی (١٢) مشکی٢




سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە خشتەی (١٢)

بە سەرنجدان لە خشتەی(١٢)، دەردەکەوێت ئەم گۆڕاوە، لە ناوچەی توێژینەوەدا(٧) ناوی جیاوازی هەیە، لە هەموویان بڵاوتر (مشکی)یە (وێنەکەی لە پاشکۆدا هەیە)، لە(٩٥) شوێندا بەکاردەهێنرێت، دەکاتە نزیکەی(٪٧٠)ی ناوچەی توێژینەوە. (هەوری) بە پلەی دووەم دێت، لە(١٧) شوێن بەکاردەهێنرێت، دەکاتە نزیکەی(٪١٣)ی ناوچەی توێژینەوە. (شەدە)، لە(٩) شوێن بەکاردەهێنرێت، دەکاتە نزیکەی(٪٧)ی ناوچەی توێژینەوە و پلەی سێیەمی گرتوە. پلەی چوارەم (جەمەدانی)ە، لە(٦) شوێن بەکاردەهێنرێت، دەکاتە نزیکەی(٪٤)ی ناوچەی توێژینەوە. (دەسمار) لە(٥) شوێن بەکاردێت، دەکاتە نزیکەی(٪٤)ی ناوچەی توێژینەوە. شایەنی گوتنە (شەدە، هەوری، دەسمار)لە زۆر شوێنی کوردستان بۆ کەلوپەلی ڕەگەزی (مێ) بەکاردەهێنرێن، لە ئەدەبی فۆلکلۆر و میللیشدا نمونە زۆرە.


لە نێوان گۆڕاوەکانی (مشکی - :mʃʧi) و (مشکی - :mʃki)دا تەنیا گۆڕانێکی ئەلۆفۆنی لە گۆکردنی فۆنێمی /ک/دا هەیە؛ بە هۆی ئەوەی /ی/ی بەدوادا هاتوە لە گۆکردندا دەبێت بە /ʧ/، ئەم دیاردە دەنگییە زۆربەی سنوری زاری کوردیی ناوەڕاست دەگرێتەوە، بەڵام گشتگیر نییە، لە ناوچەی توێژینەوەش لە (٢) کۆمەڵەی زمانیدا ئەم دیاردەیە نییە و هەر بە /k/ گۆدەکرێت، وەک لە خشتەکەدا دیارە.

لە نێوان (مشکی) و (مشکینی)دا، (نی) زیاد بوە.

(جەمەدانی، هەوری، شەدە، دەسمار) گۆڕانی لێکسکین و پەیوەندییان بە فۆنۆلۆجییەوە نییە.

کاتێک داتاکانی خشتەی(١٢) بخرێتە سەر نەخشە، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

نەخشەی(١٢) مشکی٢




کاری توێژەر پشتبەست بە:

١.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە

٢.بەرنامەی(Arc GIS)


٣.خشتەی ژمارە(١٢)

**لۆ**: وشەی پرس و ئامرازی پەیوەندی، لە ناوچەی توێژینەوە بەم شێوەیەیە:

خشتەی (١٣) وشەی پرس (لۆ)

| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | لۆ | 81 | 59.6 | 59.6 | 59.6 |
| | بۆ | 49 | 36.0 | 36.0 | 95.6 |
| | لەبۆ | 3 | 2.2 | 2.2 | 97.8 |
| | لۆ / بۆ | 2 | 1.5 | 1.5 | 99.3 |
| | ئەرا | 1 | .7 | .7 | 100.0 |
| | سەرجەم | 136 | 100.0 | 100.0 | |

شێوەی (١٣) وشەی پرس/ لۆ




سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە خشتەی (١٣)

بە سەرنجدان لە خشتەی(١٣)، دەردەکەوێت، ئەم گۆڕاوە (٤) شێوەی جیاوازی گۆکردنی هەیە: (لۆ)، لە(٨١) شوێن بەکاردەهێنرێت، دەکاتە نزیکەی(٪٦٠)ی ناوچەی توێژینەوە و پلەی یەکەمی ڕێژەی بەکارهێنانی هەیە، جگە لەوەی کە لە(٢) شوێنیش بە هاوبەشی لەگەڵ (بۆ) بەکاردەهێنرێت، کە(کۆیە) یەکێکیانە، بە هۆی نیشتەجێبونی خەڵکێکی زۆری گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی دەشتی کۆیە، لەناو شاری کۆیە، کە (بۆ) بەکاردەهێنن، ئێستا کۆیە بوە بە ناوچەیەکی تێکەڵ، هەردو گۆکراوی (لۆ/بۆ)ی تێدا بەکاردەهێنرێت. پلەی دوەم (بۆ)یە، لە(٤٩) شوێن بەکاردەهێنرێت، دەکاتە(٪٣٦)ی ناوچەی توێژینەوە. (لەبۆ) لە (٣) گوند بەکاردەهێنرێت و پلەی سێیەمیشە، دەکاتە نزیکەی(٪٢)ی ناوچەی توێژینەوە.

(ئەرا)، شێوەکەی زۆر جیاوازە، تەنیا لە گوندی(سێکانی) بەکاردەهێنرێت. لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا (ئەرا)بە واتای (١. بۆچی، چما، لەبەرچی؟؛ ٢. بۆ، لەبەر؛ ٣. مشار) (هەژار، ١٣٨١، ٢٠).


لە نێوان (لەبۆ) و (لۆ)دا، تێچونی دەنگەکانی /ە، ب/ ڕویداوە.

لە نێوان (لەبۆ) و (بۆ)دا، تێچونی دەنگەکانی /ل، ە/ ڕویداوە.

(ئەرا)، وشەیەکی جیاوازە و بۆ جیاوازیی شێوەزارەکان دەگەڕێتەوە.

نەخشەی(١٣)، ڕێژەی بڵاوبونەوەی کەرەستە زمانییەکە نیشاندەدات:

نەخشەی(١٣) لۆ




کاری توێژەر پشتبەست بە:

١.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە

٢.بەرنامەی(Arc GIS)


٣.خشتەی ژمارە(١٣)

بەپێی نەخشەی(١٣)، هەرسێ گوندی (کانیکەند، ئاودەلۆک، قەشقە)، (لەبۆ) بەکاردەهێنن، چونکە بە ڕەچەڵەک (بلْباس، مەنگوڕ)ن. ئەو شوێنانەش (بۆ) دەردەبڕن دەکەونە ڕۆژهەڵات و باشوری سنوری توێژینەوە؛ لەگەڵ پارێزگاکانی (سلێمانی، کەرکوک) هاوسنورن. بەکارهێنەرانی(لۆ)، زۆربەی ناوچەی توێژینەوە دەگرنەوە، لەگەڵ(قەزای شەقڵاوە و قەزای دەشتی هەولێر) هاوسنورن.

**یا**: دەربڕاوێکی کۆمەڵایەتیی ڕێزدارییە، تایبەتە بە ڕەگەزی(مێ)، بۆ بانگکردنی ژنێک، کە تەمەنی لە ئاخێوەر گەورەتر بێت، لە پێش ناوی بانگکراوەوە دێت، هاواتا و هاوئەرکی (خان)ە، کە لە زۆر ناوچەی کوردستان بەکاردەهێنرێت و دەچێتە دوای ناوی بانگکراوەوە. زانیاری سەبارەت بە ڕێژەی بەکارهێنانی لە خشتەی(١٤)دا دەخرێتەڕو:

خشتەی(١٤) (یا)ی گەورەیی


| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | یا | 63 | 46.3 | 46.3 | 46.3 |
| | ناوی خۆی | 51 | 37.5 | 37.5 | 83.8 |
| | پلە | 4 | 2.9 | 2.9 | 86.8 |
| | خوچە | 7 | 5.1 | 5.1 | 91.9 |
| | میمی | 3 | 2.2 | 2.2 | 94.1 |
| | تاتە | 4 | 2.9 | 2.9 | 97.1 |
| | پورێ | 3 | 2.2 | 2.2 | 99.3 |
| | باجی | 1 | .7 | .7 | 100.0 |
| | سەرجەم | 136 | 100.0 | 100.0 | |



سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە خشتەی (١٤)

بە سەرنجدان لە خشتەی(١٤)، دەردەکەوێت: (یا) لە(٦٣) شوێندا بەکاردەهێنرێت، زۆرترین ڕێژەی بڵاوبونەوەی هەیە، دەکاتە نزیکەی(٤٦٪)ی ناوچەی توێژینەوە. لە(٥١) شوێنی ناوچەی توێژینەوە هیچ پێشبەند و پاشبەندێکی کۆمەڵایەتی بۆ بانگکردنی ڕەگەزی (مێ) بەکارناهێنرێت؛ هەر بە ناوی خۆیەوە بانگدەکرێت. (خوچە)، لە(٧) شوێندا بەکاردەهێنرێت، دەکاتە نزیکەی(٥٪)ی ناوچەی توێژینەوە. دواتر (پلە، تاتە) لە(٤) شوێنی جیاوازدا بەکاردێن، ئینجا (میمی، پورێ) دێن، هەریەکەیان لە(٣) شوێندا بەکاردێن، دەکاتە نزیکەی (٢٪)ی ناوچەی توێژینەوە.، تەنیا لە یەک گوند (باجی) بەکاردەهێنرێت. جێگەی باسە (خان)، کە لە دوای ناوی بانگکراو/ باسکراوەوە دێت، لە کۆیە بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەم توێژینەوەیە تەنیا (یا)ی وەک کەرەستەی توێژینەوە وەرگرتوە. زانیارییەکانی خشتەی(١٤) لەسەر نەخشە، بەم شێوەیە دەبێت:

نەخشەی(١٤) یا




کاری توێژەر پشتبەست بە:

١.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتی شارەوانیی کۆیە


٢.بەرنامەی(Arc GIS)

٣.خشتەی ژمارە(١٤)

**ئەنگۆ**، جێناوی کەسیی سەربەخۆ، بۆ کەسی دوەمی کۆ، جگە لە جیاوازیی کۆی دەستە جێناوەکە (شمس، ٢٠٢٣، ١٢٨)[viii]، جێناوی کەسی دوەمی کۆ، شێوەی جیاوازی هەیە.

خشتەی(١٥) جێناوی سەربەخۆی کەسی دوەمی کۆ (ئەنگۆ)

| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | ئەنگۆ | 82 | 60.3 | 60.3 | 60.3 |
| | ئێوە | 22 | 16.2 | 16.2 | 76.5 |
| | ئێنگۆ | 23 | 16.9 | 16.9 | 93.4 |
| | ئەنگۆ / ئێوە | 7 | 5.1 | 5.1 | 98.5 |
| | ئینگۆ | 1 | .7 | .7 | 99.3 |
| | ئیوە | 1 | .7 | .7 | 100.0 |
| | سەرجەم | 136 | 100.0 | 100.0 | |





بە سەرنجدان لە خشتەی(١٥) دەردەکەوێت، جێناوی کەسیی سەربەخۆ بۆ کەسی دوەمی کۆ، لە ناوچەی توێژینەوە، (٥)شێوەی هەیە. (ئەنگۆ) لە(٨٢) شوێن بەکاردەهێنرێت، دەکاتە نزیکەی(٪٦٠)ی ناوچەی توێژینەوە و زۆرترتن ڕێژەی بەکارهێنانی هەیە. (ئێوە)، کە جێناوە ستانداردەکەیە، لە پلەی دوەم دێت؛ لە(٢٢) شوێن بەتەنیا و لە(٧) شوێن بە هاوبەشی لەگەڵ (ئەنگۆ) بەکاردێت، دەکاتە نزیکەی(٪٢٧)ی ناوچەی توێژینەوە. (ئێنگۆ) لە(٢٣) شوێن

بەکاردەهێنرێت، دەکاتە نزیکەی(٪١٧)ی ناوچەی توێژینەوە و پلەی سـێیەمی ڕێژەی بڵاوبونەوەی هەیە. (ئینگۆ، ئیوە) هەریەکەیان لە(١) شوێن بەکاردەهێنرێن.

شێوەی جێناوەکان زۆر لەیەکەوە نزیکن؛ لە نێوان گۆڕاوەکانی (ئەنگۆ، ئێنگۆ، ئینگۆ)دا، گۆڕان لە دەنگی بزوێنی /ـە، ێ، ی/ دا ڕویداوە.

لە نێوان (ئێوە، ئیوە)، دەنگەگۆڕکێی بزوێنەکانی /ێ،ی/ ڕویداوە. لە نەخشەی(١٥)دا، سنوری جوگرافیی بەکارهێنانیان دەردەکەوێت.

نەخشەی(١٥) جێناوی سەربەخۆی کەسی دوەمی کۆ




کاری توێژەر پشتبەست بە:

١.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە


٢.بەرنامەی(Arc GIS)

٣.خشتەی ژمارە(١٥)

جێناوی پرس (**کامە**)، گۆڕاوێکی دیکەیە لەم توێژینەوەیەدا کاری لەسەر کراوە؛ لە فۆڕمە وێنەدارەکەی پاشکۆ، وێنەی دو منداڵ هەیە، دەمانپرسی(ئەو منداڵە ناوی چییە؟) بۆ ئەوەی کەسی داتالێوەرگیراو جێناوێکی پرس دەربیڕێت. بەم شێوەیە زانیارییەکانی خشتەی(١٦) کۆکراوەتەوە.

خشتەی(١٦) جێناوی پرس (کامە)

| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | کامە | 55 | 40.4 | 40.4 | 40.4 |
| | کامە / کێهە | 1 | .7 | .7 | 41.2 |
| | کیهەیان | 1 | .7 | .7 | 41.9 |
| | کاوە | 39 | 28.7 | 28.7 | 70.6 |
| | کێهان | 7 | 5.1 | 5.1 | 75.7 |
| | کێهە | 16 | 11.8 | 11.8 | 87.5 |
| | کیهە | 5 | 3.7 | 3.7 | 91.2 |
| | کامە / کاوە | 6 | 4.4 | 4.4 | 95.6 |
| | کیهان | 1 | .7 | .7 | 96.3 |
| | کامە / کیهە | 1 | .7 | .7 | 97.1 |
| | کێهەیان | 4 | 2.9 | 2.9 | 100.0 |
| | سەرجەم | 136 | 100.0 | 100.0 | |




بە سەرنجدان لە خشتەی(١٦) دەردەکەوێت، ئەم جێناوە(٨) شێوەی هەیە. (کامە)، لە(٥٥) شوێندا بەکاردەهێنرێت، زۆرترین ڕێژەی بڵاوبونەوەیە، دەکاتە نزیکەی(٪٤٠)ی ناوچەی توێژینەوە. (کاوە) لە پلەی دوەم دێت، لە(٣٩) شوێن بەکاردەهێنرێت، دەکاتە نزیکەی(٪٢٩)ی ناوچەی توێژینەوە. (کێهە) پلەی سێیەمی ڕێژەی بڵاوبونەوەی هەیە، لە(١٦) شوێن بەکاردەهێنرێت، نزیکەی(٪١٢)ی ناوچەی توێژینەوە دەگرێتەوە. شێوەکانی دیکەی جێناوەکە بە پلە و ڕێژەی کەمتر لە خشتەکەدا خراونەتەڕو.

لە نێوان (کامە) و (کاوە)دا، دەنگ گۆڕکێی نەبزوێنی /م، و/ ڕویداوە.

لە نێوان (کامە) و (کێهە)دا، دەنگ گۆڕکێی بزوێنی /ا، ێ/ ڕویداوە، هەروەها دەنگ گۆڕکێی نەبزوێنی /م، ه/ ڕویداوە.

لە نێوان (کێهە) و (کیهە)دا، دەنگ گۆڕکێی بزوێنی /ێ، ی/ ڕویداوە.

لە نێوان (کێهە) و (کێهەیان)دا، جێناوی کەسیی لکاو بۆ کەسی سێیەمی کۆ (یان)، چۆتە سەر جێناوە پرسەکە.


لە نێوان (کێهە) و (کێهان)دا، لە بڕگەی دوەمدا، بزوێنی کورت /ە/ تێچوە و مۆڕفیمی کۆ (ان)ی چۆتە سەر.

لە نێوان (کیهە) و (کیهان)دا، لە بڕگەی دوەمدا، بزوێنی کورت /ە/ تێچوە و مۆڕفیمی کۆ (ان)ی چۆتە سەر.

لە نێوان (کیهە) و (کیهەیان)دا، جێناوی کەسیی لکاو بۆ کەسی سێیەمی کۆ (یان)، چۆتە سەر جێناوە پرسەکە.

ئەم زانیارییانە نەخشەی(١٦) بەرهەمدەهێنن:

نەخشەی(١٦) جێناوی پرس (کامە)




کاری توێژەر پشتبەست بە:

١.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە


٢.بەرنامەی(Arc GIS)

٣.خشتەی ژمارە(١٦)

**جێناوی هەیی**: ئەو جێناوەیە کە خۆیەتی (خاوەندارێتی- تملک) ڕادەگەیەنێت، لە زاری کوردیی ناوەڕاستدا (هی / ئی)، فۆڕمی سەرەکیی جێناوی هەییە. (مارف، ١٩٨٧، ٢٧٨-٢٧٩). لە میانی سەردانی ناوچەی توێژینەوە و دواندنی کەسانی داتالێوەرگیراو، بە مەبەستی وەرگرتن و بیستنی شێوەی جێناوی هەیی، هەر شتێک بەرچاو بوایە دەمانپرسی (ئەو شتە هی کێیە؟). زانیارییەکانی خشتەی(١٧) بەدەستهات:

خشتەی(١٧) جێناوی هەیی

| | | Frequency | Percent | Valid Percent | Cumulative Percent |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | ئی | 86 | 63.2 | 63.2 | 63.2 |
| | هی | 46 | 33.8 | 33.8 | 97.1 |
| | ئی / هی | 4 | 2.9 | 2.9 | 100.0 |
| | سەرجەم | 136 | 100.0 | 100.0 | |





سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست بە خشتەی (١٧)

بەپێی خشتەی(١٧)، جێناوی هەیی لە ناوچەی توێژینەوە، تەنیا(٢)شێوەی هەیە. (ئی)، لە(٨٦)شوێندا بەکاردەهێنرێت، دەکاتە نزیکەی(٦٣٪)ی ناوچەی توێژینەوە. (هی)، لە(٤٦) شوێندا بەکاردەهێنرێت، دەکاتە نزیکەی(٣٤٪)ی ناوچەی توێژینەوە. لە(٤) شوێنیش هەردو شێوەکە بە هاوبەشی بەکاردەهێنرێن، واتە ناوچەی تێکەڵن، دەکاتە نزکەی(٣٪)ی ناوچەی توێژینەوە. پێمانوایە (٣)کۆمەڵەی زمانی لە ناوچە تێکەڵەکان (کۆیە، گۆپتەپە، مەرزان)، هۆکارەکەیان زیاتر جوگرافییە، چونکە کەوتونەتە نێوان کۆمەڵگە زمانییەکانی (ئی) و (هی)، بەڵام (تەقتەق)، لە ناوەڕاستی سنوری جوگرافیی (هی) هەڵکەوتوە، تێکەڵییەکەی بۆ هۆکاری کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە.

لە نێوان (ئی) و (هی)دا، دەنگ گۆڕکێی نەبزوێنی /ئ/ و /هـ/ ڕویداوە.

نەخشەی(١٧) جێناوی هەیی




کاری توێژەر پشتبەست بە:

١.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانیی هەولێر، سەرۆکایەتیی شارەوانیی کۆیە

٢.بەرنامەی(Arc GIS)

٣.خشتەی ژمارە(١٧)

**پەیوەندیی نێوان گۆڕاوەکان**: بۆ دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە، بە بەکارهێنانی ڕێگای سپێرمان، زانیارییەکانی خشتەی(١٨)مان دەستکەوت:

خشتەی(١٨) پەیوەندیی نێوان گۆڕاوەکان

| | | | خون | خوندن | گوز |
|---|---|---|---|---|---|
| Spearman's rho | خون | Correlation Coefficient | 1.000 | .977** | .898** |
| | | Sig. (2-tailed) | . | .000 | .000 |
| | | N | 136 | 136 | 136 |
| | خوندن | Correlation Coefficient | .977** | 1.000 | .876** |
| | | Sig. (2-tailed) | .000 | . | .000 |
| | | N | 136 | 136 | 136 |
| | گوز | Correlation Coefficient | .898** | .876** | 1.000 |
| | | Sig. (2-tailed) | .000 | .000 | . |
| | | N | 136 | 136 | 136 |

**. Correlation is significant at the 0.01 level (2-tailed).

بە سەرنجدان لە خشتەی(١٨)، دەردەکەوێت، پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی زۆر بەهێز، بە بەهای(97.) لە نێوان گۆڕاوەکانی (خون، خوندن)دا هەیە، واتە لەسەر یەک هێڵ و بە یەک ئاراستە کاردەکەن. بە دەربڕینێکی دیکە، (97%)ی ئەو شوێنانەی گۆڕاوی(خون)بەکاردەهێنن، (خوندن)یش بەکاردەهێنن. هەروەها پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی زۆر بەهێز، بە بەهای(89.) لە نێوان گۆڕاوەکانی (خون، گوز)دا هەیە، واتە لەسەر یەک هێڵ و بە یەک ئاراستە کاردەکەن. بە دەربڕینێکی دیکە، (89%)ی ئەو شوێنانەی گۆڕاوی(خون) بەکاردەهێنن، (گوز)یش بەکاردەهێنن. بە هەمان شێوە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی زۆر بەهێز، بە بەهای (87.) لە نێوان گۆڕاوەکانی(خوندن، گوز)دا هەیە، واتە(87%)ی ئەو شوێنانەی گۆڕاوی (خوندن) بەکاردەهێنن، (گوز)یش بەکاردەهێنن.

کەواتە هەمان پەیوەندیی ڕاستەوانەی زۆر بەهێز لە نێوان گۆڕاوەکانی (خوێن، خوێندن)، (خوێن، گوێز)، (خوێندن، گوێز)دا هەیە. هەروەها هەمان پەیوەندیی ڕاستەوانەی زۆر بەهێز لە نێوان گۆڕاوەکانی (خین، خیندن)، (خین، گیز)، (خیندن، گیز)دا هەیە.

کۆمەڵە زمانییەکانی (کۆلکەڕەش، سناوە، جەلی، قەمبەر، تازەدێ، گەرمک، موخەڕەس، چۆمحەیدەر)، گۆڕاوەکانی (خوین، خویندن، گویز) دەردەبڕن، هەروەها کۆمەڵە زمانییەکانی (کونەفلوسە،سماقوڵی گەلی، سێکانی) گۆڕاوەکانی (خویندن، خوین) دەردەبڕن و (گویز) دەرنابڕن.

بە سەرنجدان و بەراوردکردنی هەریەک لە نەخشەکانی(٣- خون)،(٤- گوز)،(٥- خوندن)، لەگەڵ نەخشەی(١٣- لۆ)، دەردەکەوێت، زۆربەی ئاخێوەرانی ئەو شوێنانەی گۆڕاوەکانی(خون، خین)،(گوز، گیز)،(خوندن، خیندن) بەکاردەهێنن، گۆڕاوی (لۆ)ش بەکاردەهێنن. هەروەها، زۆربەی ئاخێوەرانی ئەو شوێنانەی گۆڕاوەکانی(خوێن، گوێز، خوێندن) بەکاردەهێنن، گۆڕاوی(بۆ) بەکاردەهێنن.

**ئەنجام**

لە کۆتاییدا توێژینەوەکە بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

1. پەیوەندیی ڕاستەوانە لە نێوان بەشێک لە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەدا هەیە و لە نێوان گۆڕاوەکانی دیکەی توێژینەوەکەدا نییە. واتە لە ڕوی فۆنۆلۆجییەوە، یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە سنوری ناوچەی توێژینەوەکەدا وەکویەک کار ناکەن.

2. سنوری ئێستای کارگێڕیی قەزای کۆیە، هیچ کاریگەری و پەیوەندییەکی بە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەوە نییە.
3. هەڵکەوتەی جوگرافیی ناوچەی توێژینەوە، هەژمون و پەیوەندیی بە گۆڕاو و کەرەستە زمانییەکانی شێوەئاخاوتنی ناوچەی توێژینەوە هەیە.
4. لەو گۆڕاوانەی لەم توێژینەوەیەدا کاریان لەسەر کراوە، (زرۆبی) زۆرترین گۆڕاوی بۆ بەکاردێت، کە(١٢) شێوەی جیاوازی هەیە، هەندێک لە جیاوازییەکان دەگەنە ئاستی جیابونەوەی لێکسیکی. هەروەها گۆڕاوەکانی (جێناوی هەیی، دەلوجە)، کەمترین شێوە گۆڕاویان هەیە، هەریەکەیان(٢) شێوەیان هەیە. گۆڕاوی (دەلوجە) لێکسیکێکی جیاوازی هەیە، کە (بیبەر)ە.
5. بگۆڕی (ڕەگەز)ی ئاخێوەران، کاریگەریی لەسەر بەکارهێنانی گۆڕاوەکانی ئەم توێژینەوەیە نییە.
6. بگۆڕەکانی (پێکهاتەی کۆمەڵایەتی) و (تەمەن)ی ئاخێوەران، کاریگەرییان لەسەر بەکارهێنانی بەشێکی گۆڕاوەکانی ئەم توێژنەوەیە هەیە، بە تایبەت لە ناوچە تێکەڵەکاندا.

**پێشنیاز**

1. توێژینەوەکە پێشنیازی ئەنجامدانی توێژینەوەی فراوانتر لەڕوی ژمارەی گۆڕاوەکان و سنوری جوگرافییەوە دەکات. دەشێت کاری بەکۆمەڵ لە ناوچەکە و شوێنی دیکەش ئەنجامبدرێت، بە مەبەستی کۆکردنەوە و خستنەڕوی زۆرترین داتا.
2. فێرخوازانی بەشی زمانی کوردی، قۆناغی بەکالۆریۆس فێری کۆکردنەوەی داتا بکرێن، هەریەکەیان لە ناوچەی خۆیەوە دەست بە کۆکردنەوەی داتا بکات و بە چالاکیی زانستی بۆیان هەژمار بکرێت.

## لیستی سەرچاوەکان:


Bussman, Hadumod, (1996). Routledge Dictionary of Language and Linguistics. London: Routledge.

ئەحمەد،عەبدولمەناف ڕەمەزان، (٢٠١١). ئەتڵەسی زمانی .دهۆک :سپیرێز.

استيتية، سمير شريف، (٢٠٠٨). اللسانيات المجال، والوظيفة، والمنهج .اربد :عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع.

الحميد، عبدالعزيز بن حميد، (٢٠١١). علم اللغة الجغرافي بين حداثة المصطلح و اصوله لدى العرب .مجلة الدراسات اللغوية و الادبية :٢٥ -٥٨.

الخطابي، ابراهيم محمد،(١٩٩٧). الاسس النظرية و المنهجية لاطلس لسان المجتمع العربي. اللسان العربي ٤٤ :١١٩ -١٣٦.

الضامن،حاتم صالح، (١٩٨٩). علم اللغة .الموصل :جامعة بغداد -مطبعة التعليم العالي بالموصل.

العزاوي، نعمة رحيم.، (٢٠٠١). مناهج البحث اللغوي بين التراث و المعاصرة .منشورات المجمع العلمي.

بكر، بنار عبدالخالق، (٢٠١٠). دەرامەتە سروشتییە سەرەکییەکانی قەزای کۆیە -گرفت و چارەسەرەکان .هەولێر :چاپخانەی شەهاب.

حەمید، ساکار ئەنوەر، (٢٠٢٠). ئەتڵەسی دەنگسازی شێوەزاری خۆشناوەتی .هەولێر: زانکۆی سەلاحەدین.

سالح، سەلوا فەریق، (٢٠١٧) .ئەتلەسا فۆنۆلۆجییا زمانێ کوردی -یارێزگەها دهۆکێ .دهۆک :سپیرێز.

سەعید، کامەران تاهیر،(٢٠٠٨). کۆیە -لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی .سلێمانی :مەڵبەندی کوردۆلۆجی.

سەعید، یوسف شەریف، (٢٠١١) .زمانەوانی .هەولێر :چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

شمس، هێمن عبدالحمید، (٢٠٢٣). " سنوری گۆڤەری کۆیە ".گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان .Vol. 6 No. 2 Issue Eleven(١٢٢ -١٤٥).

طليمات، غازي مختار، (١٩٩٧) .في علم اللغة .دمشق :دار طلاس للدراسات و الترجمة و النشر.

عبابنة، يحيى ؛ امنة الزعبي، (٢٠٠٥) .علم اللغة المعاصر مقدمات و تطبيقات .عمان الاردن :دار الكتاب الثقافي.

عبدالتواب، رمضان، (١٩٩٧) .المدخل الى علم اللغة و مناهج البحث اللغوي .ط٣ .القاهرة :مكتبة الخانجي بالقاهرة.

عبدالجليل، عبدالقادر(٢٠٠١) .علم اللسانيات الحديثة نظم التحكم و قواعد البيانات .عمان :دار صفاء للنشر و التوزيع.

عبدالعزيز، محمد حسين، (١٩٨٣) .مدخل الى علم اللغة .القاهرة :دار النمر للطباعة.

عبدالله، سۆران عبدالفتاح، (٢٠١٣) .ئاوی ژێر زەوی لە قەزای کۆیە و بەکارهێنانی .Ed .نامەی ماستەر -بڵاونەکراوە .دهۆک :زانکۆی دهۆک.

عساكر، خليل، (١٩٥٣). "الاطلس اللغوي ".مجمع اللغة العربية مصر :(٣٧٩ -٣٨٤).

عواريب، حنان، (٢٠١٧). " مدخل الى التعددية اللغوية نحو تصور شامل للمصطلح و المفهوم ".مجلة الذاكرة :٥١ -٥٧.

عەبدوڵا، عەبدولسەلام نەجمەدین؛ شێرزاد سەبری (٢٠١١) .زمانڤانییا تیۆری .دهۆک :سپیرێز.

عەلی، بێستون ئەبوبەکر، (٢٠١٥). دەرکەوتەی دودیوی زمانی لە کۆمەڵە ئاخاوتنییەکاندا .نامەی ماستەر :زانکۆی سلێمانی.

كزار، حسن، (٢٠١٨) .اللسانيات الاجتماعية في الدراسات العربية الحديثة التلقي و التمثلات .بيروت.

لطروش، الشارف، (٢٠٢١). "الجغرافيا اللغوية و الاطلس اللغوي في التراث العربي ".مجلة حوليات التراث ٢١ :٢١١ -٢٣١.

مارف، ئەورەحمانی حاجی، (١٩٨٧) .ڕێزمانی کوردی -وشەسازی -جێناو .بەغدا :وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.

مەحمود، ڕێباز ئیبراهیم، (٢٠٢٢) .ئەتڵەسی مۆرفۆلۆژیی شێوە ئاخاوتنی خۆشناوەتی .ماستەرنامە :زانکۆی کۆیە.

هەژار، عبدالرحمن شرفکندی، (١٣٨١) .هەنبانە بۆرینە .چاپی سێیەم .تهران :سروش.

## پاشکۆکان



پاشکۆ (٢)

| ز | ناوی سیانی | ڕەگەز | لەدایک بوی | دانیشتوی | پلەی خوێندن | پیشه |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ساڵح حەمەد مراد | نێر | ١٩٦٠ | هەواوان | سێی سەرەتایی | ئاژەڵدار |
| ٢ | ڕحان محەمەد عەبدوڵا | مێ | ١٩٥٢ | هەواوان | نەخوێندەوار | کابانی ماڵ |
| ٣ | ڕەنجدەر عەبدوڵا قادر | نێر | ١٩٨٠ | شەوگێڕ | سەرەتایی | پێشمەرگە |
| ٤ | فەتاح مەولود عەبدوڵا | نێر | ١٩٦٠ | شەوگێڕ | سێی سەرەتایی | جوتیار |
| ٥ | جەعفەر غەفار حەمەدەمین | نێر | ١٩٦٥ | قۆڕیتان | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ٦ | سەرهەد سادق حەوێز | نێر | ١٩٧١ | باغەجنێر | سەرەتایی | جوتیار |
| ٧ | سەفین مستەفا ئیبراهیم | نێر | ١٩٨٠ | ئیلینجاغ | ئامادەیی | جوتیار |
| ٨ | شێرکۆ حەمەنەجم حەمەدەمین | نێر | ١٩٦٨ | مەرزان | سەرەتایی | جوتیار |
| ٩ | حاجی خدر ڕەشید | نێر | ١٩٥٠ | حاجی قەڵا | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ١٠ | شێروان خدر عەبدوڵا | نێر | ١٩٧٦ | حاجی قەڵا | سەرەتایی | جوتیار |
| ١١ | شەفیق عەبدوڵا ڕەسول | نێر | ١٩٥٥ | سماقوڵی گرتک | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ١٢ | برایم حەمەدەمین خدر | نێر | ١٩٥٤ | تیمارۆک | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ١٣ | ڕازیە عەلی حەمەدەمین | مێ | ١٩٦٦ | تیمارۆک | نەخوێندەوار | کابانی ماڵ |
| ١٤ | شەفیق ڕەفیق سمایل | نێر | ١٩٦٦ | شیوەجان | چواری سەرەتایی | جوتیار |
| ١٥ | عەبدولواحید حەمەدەمین عەزیز | نێر | ١٩٣٩ | سێوەسەن | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ١٦ | سەبری حەمەد ئیبراهیم | مێ | ١٩٦٥ | سێوەسەن | نەخوێندەوار | کابانی ماڵ |
| ١٧ | محەمەد حەمدان ئەمین | نێر | ١٩٥٦ | کڵێسه | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ١٨ | کاوە زرار قادر | نێر | ١٩٦٢ | قولقوڵە | پێنجی سەرەتایی | جوتیار |
| ١٩ | درەخشان عەبدولڕەحمان ساڵح | مێ | ١٩٧٠ | قولقوڵە | نەخوێندەوار | کابانی ماڵ |
| ٢٠ | شەفیق مەولود حەمەد | نێر | ١٩٧٥ | ناسراغا | سەرەتایی | پۆلیس |
| ٢١ | جەعفەر عەزیز سەلام | نێر | ١٩٦٦ | بانەگوڵان | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ٢٢ | دەشتی فەرحان شەریف | نێر | ١٩٨٤ | کانی کوردە | ناوەندی | جوتیار |
| ٢٣ | حوسێن مەحمود عەلی | نێر | ١٩٥٧ | سماقوڵی سەروچاوە | نەخوێندەوار | خانەنشین |
| ٢٤ | شۆڕش فەتاح ڕەسول | نێر | ١٩٧٠ | = = | پەیمانگا | فەرمانبەر |
| ٢٥ | جەبار سەلیم حەسەن | نێر | ١٩٦٨ | = = | ناوەندی | فەرمانبەر |
| ٢٦ | عەبدولسەمەد عەزیز محەمەد | نێر | ١٩٧١ | دێگەڵە | پێنجی سەرەتایی | دوکاندار |
| ٢٧ | پوشۆ محەمەد عەزیز | نێر | ١٩٤٩ | حاجی وسو | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ٢٨ | بەیان سەلیم تەها | مێ | ١٩٦١ | حاجی وسو | نەخوێندەوار | کابانی ماڵ |
| ٢٩ | نەریمان شەریف خدر | نێر | ١٩٦٧ | سوێرەڵە | سەرەتایی | ئەنجومەن |
| ٣٠ | لەتیف عەلی عەزیز | نێر | ١٩٦٦ | قازبەگیان | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ٣١ | زبێدە عەوڵا ئەمین | مێ | ١٩٤٤ | قازبەگیان | نەخوێندەوار | کابانی ماڵ |
| ٣٢ | سەیدە سادق برایم | نێر | ١٩٦٦ | قازبەگیان | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ٣٣ | پیرۆت ئەحمەد ڕەسول | نێر | ١٩٥٩ | شیوەشان | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ٣٤ | ڕەحیمە عەزیز عەبدوڵا | مێ | ١٩٧٤ | قەشقە | نەخوێندەوار | کابانی ماڵ |
| ٣٥ | هانا تەها مامە | نێر | ١٩٨٠ | داوداوە | سەرەتایی | ئاژەڵدار |
| ٣٦ | سەدرەدین سلێمان باپیر | نێر | ١٩٧٨ | داوداوە | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ٣٧ | محەمەد عەلی ڕەسول | نێر | ١٩٨٥ | ئیلەڵا | سەرەتایی | ئاژەڵدار |
| ٣٨ | ئەسمەر محەمەد عەبدوڵا | مێ | ١٩٧٢ | ئیلەڵا | نەخوێندەوار | کابانی ماڵ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٩ | سەعدی سدیق محەمەد | نێر | ١٩٦٩ | کێلە زیندان | سێی سەرەتایی | جوتیار |
| ٤٠ | جەبار ئەحمەد ساڵح | نێر | ١٩٤٩ | قەسر خراپە | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ٤١ | عوبێد سەعید بەهائەدین | نێر | ١٩٥٦ | کانی هەنجیر | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ٤٢ | شکور حەمەدەمین ڕەسول | نێر | ١٩٦٦ | کانی ڕەش | سەرەتایی | جوتیار |
| ٤٣ | بایز عەباس سەعید | نێر | ١٩٥٢ | ساتوقەڵا | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ٤٤ | گوڵخاتر تەها عەبدولڕەحمان | مێ | ١٩٥٠ | ساتوقەڵا | نەخوێندەوار | کابانی ماڵ |
| ٤٥ | سەڵاح محەمەد خدر | نێر | ١٩٨٥ | قاقا | ناوەندی | جوتیار |
| ٤٦ | ئەسوەد حەمەد نەجم | نێر | ١٩٦٧ | سکتان | پەیمانگا | مامۆستا |
| ٤٧ | کافیە محەمەد عەلی | مێ | ١٩٥٨ | سکتان | نەخوێندەوار | کابانی ماڵ |
| ٤٨ | واحێد محەمەد ڕەمەزان | نێر | ١٩٦٠ | کاموسەک | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ٤٩ | ئەمیر عەبدوڵا مستەفا | نێر | ١٩٥٨ | کانی سور | دوی سەرەتایی | ئاژەڵدار |
| ٥٠ | محەمەد ڕەشید سەعید | نێر | ١٩٧٠ | کانی سور | سەرەتایی | ئاژەڵدار |
| ٥١ | غەفور تۆفیق فەتاح | نێر | ١٩٥٣ | نازەنین | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ٥٢ | پەروین عەزیز ڕەسول | مێ | ١٩٧٥ | شێخەروان | نەخوێندەوار | کابانی ماڵ |
| ٥٣ | ئەسکەندەر یوسف عەزیز | نێر | ١٩٧٧ | شیوی ساماڵ | سەرەتایی | پێشمەرگە |
| ٥٤ | عەبدولڕەحمان سەعید عەبدوڵا | نێر | ١٩٥٢ | تەکەوڵ | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ٥٥ | حەیدەر عەبدولڕەحمان عەلی | نێر | ١٩٧٦ | حاجی کاکۆل | سەرەتایی | جوتیار |
| ٥٦ | قەرەنی فارس مەحمود | نێر | ١٩٣٩ | پیرەر | نەخوێندەوار | ئاژەڵدار |
| ٥٧ | مەحمود واحێد حوسێن | نێر | ١٩٥٧ | باوەقوب | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ٥٨ | سێبور عەزیز ئیبراهیم | نێر | ١٩٨٩ | گۆمەتاڵ | ناوەندی | پێشمەرگە |
| ٥٩ | سەبیحە ئیبراهیم مەمەند | مێ | ١٩٦٥ | گۆمەتاڵ | نەخوێندەوار | کابانی ماڵ |
| ٦٠ | تەها ڕەسول ئیسماعیل | نێر | ١٩٤٦ | گۆمەشین | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ٦١ | ئیدریس عەبدوڵا حەمەدەمین | نێر | ١٩٦٥ | گۆمەشین | ناوەندی | پۆلیس |
| ٦٢ | شەونم حەمید عەبدوڵا | مێ | ١٩٦٤ | شاخەپیسکە | نەخوێندەوار | کابانی ماڵ |
| ٦٣ | ڕابەر عوسمان ئەحمەد | نێر | ١٩٨٠ | بانی ماران | سەرەتایی | پێشمەرگە |
| ٦٤ | عەبدولکەریم سەعید عەبدوڵا | نێر | ١٩٥٠ | کانی دەربەند | سێی سەرەتایی | جوتیار |
| ٦٥ | عەبدولڕەحمان ڕەفیق عەزیز | نێر | ١٩٦٥ | گورزەیی | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ٦٦ | ڕابەر عەلی ئیبراهیم | نێر | ١٩٨٥ | بەردبڕ | سەرەتایی | پێشمەرگە |
| ٦٧ | ئارەزو لوقمان بەکر | مێ | ١٩٨٢ | گۆپتەپە | سەرەتایی | کابانی ماڵ |
| ٦٨ | سەرباغ کاکل عەلی | مێ | ١٩٧٤ | شیواشۆکی سەرێ | نەخوێندەوار | کابانی ماڵ |
| ٦٩ | ڕەسول کەریم مەولود | نێر | ١٩٦٤ | شیواشۆکی سەرێ | سێی سەرەتایی | دارتاش |
| ٧٠ | فوئاد خدر حەمەد | نێر | ١٩٦٧ | شیواشۆکی گەورە | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ٧١ | هێمن سەمەد خدر | نێر | ١٩٨٥ | شیواشۆکی گەورە | بەکالۆریۆس | مامۆستا |
| ٧٢ | عەبدولخالق سابیر ڕەزا | نێر | ١٩٧٠ | داربەسەر | سەرەتایی | جوتیار |
| ٧٣ | کانەبی ڕەشید سادق | نێر | ١٩٤٢ | تاڵەبانی گەورە | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ٧٤ | زەکیە حەمەد ئۆمەر | مێ | ١٩٤٩ | تاڵەبانی گچکە | نەخوێندەوار | کابانی ماڵ |
| ٧٥ | فەزیلە تەڵوب جاسم | مێ | ١٩٤٠ | تەقتەق | نەخوێندەوار | کابانی ماڵ |
| ٧٦ | عەزیز بایز ڕەشید | نێر | ١٩٥٣ | مەلا زیاد | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ٧٧ | حەمەد برایم حەمەد | نێر | ١٩٦٢ | گەرمک ساتوقەڵا | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ٧٨ | عوسمان ئۆمەر حوسێن | نێر | ١٩٥٢ | موخەڕەس | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ٧٩ | حاجی جەلال سابیر | نێر | ١٩٥٩ | چۆمحەیدەر | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ٨٠ | حوسێن نەجیم ساڵح | نێر | ١٩٥٥ | گەرمک | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ٨١ | جاسم قاسم ئیبراهیم | نێر | ١٩٨٢ | قەیسەری | سەرەتایی | پێشمەرگە |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٨٢ | ژیان تۆفیق ئیسماعیل | مێ | ١٩٨٥ | قەیسەری | سەرەتایی | کابانی ماڵ |
| ٨٣ | مەجید تۆفیق عەلی | نێر | ١٩٥٢ | بۆگد | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ٨٤ | حەسەن حوسێن ئەحمەد | نێر | ١٩٣٨ | دۆندار | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ٨٥ | ئیسماعیل کوێخا سوارە محەمەد | نێر | ١٩٦٧ | پێبازۆک | ناوەندی | جوتیار |
| ٨٦ | سەمەد ڕەزا ئەحمەد | نێر | ١٩٦٥ | بامورتکان | سەرەتایی | ئەنجومەن |
| ٨٧ | ئومێد زاهیر محەمەد | نێر | ١٩٨٣ | ئەسکی کۆیە | سەرەتایی | ئاژەڵدار |
| ٨٨ | مەحمود ئیسماعیل ڕەشید | نێر | ١٩٦١ | تۆبزاوا | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ٨٩ | زیاد زرار عیسا | نێر | ١٩٧٠ | تەلوار | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ٩٠ | مەحمود عەبدوڵا ڕەسول | نێر | ١٩٦٧ | تازەدێ | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ٩١ | حەلیمە محەمەد ئیبڕاهیم | مێ | ١٩٥٤ | تازەدێ | نەخوێندەوار | کابانی ماڵ |
| ٩٢ | موحسین ئەکرەم عەبدوڵا | نێر | ١٩٦٠ | قەمبەر | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ٩٣ | ڕەحمە حەمەخان ئۆمەر | مێ | ١٩٦٨ | قەمبەر | نەخوێندەوا | کابانی ماڵ |
| ٩٤ | خاتون مەجید ئیسماعیل | مێ | ١٩٨٥ | سارتک | نەخوێندەوار | کابانی ماڵ |
| ٩٥ | حەسەن عەلی حەسەن | نێر | ١٩٧٤ | ئاوماڵ | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ٩٦ | خالید ئەحمەد حەمەدەمین | نێر | ١٩٥٨ | سناوە | چواری سەرەتایی | دوکاندار |
| ٩٧ | سمکۆ حاجی عەبدولڕەحمان | نێر | ١٩٦٧ | عەوداڵان | سەرەتایی | جوتیار |
| ٩٨ | ئارام کاکە عومەر | نێر | ١٩٨٢ | ئۆمەرگومبەت | ناوەندی | جوتیار |
| ٩٩ | عومەر یوسف مەعروف | نێر | ١٩٨٠ | جلبەسەر | سەرەتایی | جوتیار |
| ١٠٠ | پێشڕەو محەمەد ئەحمەد | نێر | ١٩٨٥ | نێرەگین | سەرەتایی | جوتیار |
| ١٠١ | فەیسەڵ ئەحمەد سەلیم | نێر | ١٩٦٣ | کانی لەلە | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ١٠٢ | شەفیق ئەمین عەبدوڵا | نێر | ١٩٦٤ | سماق شیرن | سەرەتایی | فەرمانبەر |
| ١٠٣ | مهاباد عەبدولڕەحمان عەوڵا | مێ | ١٩٨٤ | سێگردکان | نەخوێندەوار | کابانی ماڵ |
| ١٠٤ | ئەحمەد ئیسماعیل ئەحمەد | نێر | ١٩٦٣ | سێگردکان | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ١٠٥ | عەبدولخالق عەبدولڕەحمان عەلی | نێر | ١٩٦١ | گۆمەشین | پێنجی سەرەتایی | جوتیار |
| ١٠٦ | ستار شێخ محەمەد عوسمان | نێر | ١٩٧٥ | کاولان | سەرەتایی | جوتیار |
| ١٠٧ | میکائیل محەمەد قادر | نێر | ١٩٧٠ | عەلیاوە | چواری سەرەتایی | جوتیار |
| ١٠٨ | کەوسەر ئیبڕاهیم محەمەد | مێ | ١٩٧٥ | عەلیاوە | نەخوێندەوار | کابانی ماڵ |
| ١٠٩ | سەیفەدین سەلیم حەمەدەمین | نێر | ١٩٦٥ | گرتک جەلی | ئامادەیی | فەرمانبەر |
| ١١٠ | فارس عەبدوڵا حاجی | نێر | ١٩٥٨ | کانی بی | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ١١١ | لوقمان سلێمان عەبدوڵا | نێر | ١٩٦٦ | تەرگینە | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ١١٢ | عوسمان حەمەد ئیسماعیل | نێر | ١٩٦٠ | ئەلیاسە سور | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ١١٣ | دەرباز حەمەد حەمەدەمین | نێر | ١٩٨٠ | جەلی | دبلۆم | م. ئاینی |
| ١١٤ | ئامینە عەلی محەمەد | مێ | ١٩٥٠ | جەلی | نەخوێندەوار | کابانی ماڵ |
| ١١٥ | هیدایەت مامە ئیبڕاهیم | نێر | ١٩٦٢ | کانی بی/ دێگەڵە | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ١١٦ | ئەسوەد شابارام عەزیز | نێر | ١٩٥٤ | کێلەسپی | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ١١٧ | عەبدولخالق ئیسماعیل لاوە | نێر | ١٩٥٢ | ونکە | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ١١٨ | سەرهەد ئەحمەد عەبدوڵا | نێر | ١٩٧٤ | قورتەلاس | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ١١٩ | سەفین ئەحمەد مستەفا | نێر | ١٩٦٠ | کێشکێ | سەرەتایی | جوتیار |
| ١٢٠ | قادر کەریم حەمەد | نێر | ١٩٥٨ | بانەقەڵات گەردی | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ١٢١ | محەمەد مەولود ئیبڕاهیم | نێر | ١٩٦٠ | پەلکەڕەش | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ١٢٢ | نەجات ئەحمەد کاکل | مێ | ١٩٦٣ | کانی سوسکە | نەخوێندەوار | کابانی ماڵ |
| ١٢٣ | حەتەم خالید ڕەسول | نێر | ١٩٦١ | ڕەسول بسکۆل | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ١٢٤ | لوقمان کەریم بایز | نێر | ١٩٦٨ | شیوەپیران | چواری سەرەتایی | جوتیار |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٢٥ | تاهیر محەمەد عەبدوڵا | نێر | ١٩٥٠ | تەکەڵتو | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ١٢٦ | تەحسین تەها حەمەد | نێر | ١٩٧٢ | تەکەڵتو | دبلۆم | مامۆستا |
| ١٢٧ | کافیە خورشیدمستەفا | مێ | ١٩٦٥ | مام قلینج | نەخوێندەوار | کابانی ماڵ |
| ١٢٨ | هاوار سمایل کوخە ئەحمەد | نێر | ١٩٦٢ | مام قلینج | نەخوێندەوار | ئاژەڵدار |
| ١٢٩ | چەتۆ کەریم ئەحمەد | نێر | ١٩٦١ | شیلە | سەرەتایی | جوتیار |
| ١٣٠ | سەفین عەبدوڵا ئەحمەد | نێر | ١٩٥٦ | سوسێ | سەرەتایی | جوتیار |
| ١٣١ | ڕازیە رەزا ئیسماعیل | مێ | ١٩٦٣ | سوسێ | نەخوێندەوار | کابانی ماڵ |
| ١٣٢ | حاجی عەلی عوسمان | نێر | ١٩٧٠ | کفرەدۆڵ | سێی سەرەتایی | ئاژەڵدار |
| ١٣٣ | سەلیم سەلام محەمەد | نێر | ١٩٥٥ | کرۆژ | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ١٣٤ | عەزیز حەمەد لەشکری | نێر | ١٩٦٠ | باجەوان | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ١٣٥ | ناجیە سابیر عومەر | مێ | ١٩٥٥ | پەلکانە | نەخوێندەوار | کابانی ماڵ |
| ١٣٦ | زرار سابیر عەبدوڵا | نێر | ١٩٥٧ | پەلکانە | سێی سەرەتایی | جوتیار |
| ١٣٧ | ئەنوەر یاسین تەها | نێر | ١٩٨٠ | داربەڕو | سەرەتایی | جوتیار |
| ١٣٨ | فاتم نەریمان شەریف | مێ | ١٩٤٥ | قزلو | نەخوێندەوار | کابانی ماڵ |
| ١٣٩ | مەحمود سدیق عەبدوڵا | نێر | ١٩٥٠ | قزلو | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ١٤٠ | شێخ محەمەد عەبدوڵا ئیسماعیل | نێر | ١٩٦٥ | سێنان | چواری سەرەتایی | جوتیار |
| ١٤١ | بەفرین عەزیز پەترۆس | مێ | ١٩٥٠ | هەرمۆتە | نەخوێندەوار | کابانی ماڵ |
| ١٤٢ | وەلی قادر محەمەد | نێر | ١٩٥٩ | کۆلکەڕەش | سەرەتایی | ئەنجومەن |
| ١٤٣ | قەرەنی حەسەن قەرەنی | نێر | ١٩٥١ | کانی کەند | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ١٤٤ | سوارە ڕەفیق تۆفیق | نێر | ١٩٦٦ | سورەقەڵا | سەرەتایی | دوکاندار |
| ١٤٥ | زرار ڕەسول فەقێ حەسەن | نێر | ١٩٥٥ | ئاودەلۆک | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ١٤٦ | محەمەد مستەفا عەلی | نێر | ١٩٥١ | ئاخورە | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ١٤٧ | کەریم سەلیم قادر | نێر | ١٩٧٢ | بانەمورد | سەرەتایی | جوتیار |
| ١٤٨ | موحسین حەسەن موسا | نێر | ١٩٦٠ | میرکە | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ١٤٩ | فازیل عەبدوڵا ساڵح | نێر | ١٩٧٠ | کونەفلوسە | سەرەتایی | جوتیار |
| ١٥٠ | شێرزاد ڕەسول قادر | نێر | ١٩٦٨ | بەردە سپی | سەرەتایی | جوتیار |
| ١٥١ | ڕەزا محەمەد خدر | نێر | ١٩٣٩ | سێکانی | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ١٥٢ | خەدیجە مام ڕەش غەفور | مێ | ١٩٤٩ | سێکانی | نەخوێندەوار | کابانی ماڵ |
| ١٥٣ | ئەبوبەکر حەمەد خورشید | نێر | ١٩٦٠ | کونە گورگ | سێی سەرەتایی | ئاژەڵدار |
| ١٥٤ | فاتمە محەمەد ئیبراهیم | مێ | ١٩٤٤ | کۆیە | نەخوێندەوار | کابانی ماڵ |
| ١٥٥ | شلێر عومەر محەمەد | مێ | ١٩٦٠ | کۆیە | نەخوێندەوار | کابانی ماڵ |
| ١٥٦ | خالید ئەحمەد قادر | نێر | ١٩٦٢ | ئاریان | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ١٥٧ | سیامەند حەسەن حەمەد | نێر | ١٩٥٥ | باقلێن | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ١٥٨ | مەغدید عەلی خدر | نێر | ١٩٥١ | ئەشکەوت سەقا | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ١٥٩ | سابیر شەریف ئەحمەد | نێر | ١٩٤٨ | بایزاغا | نەخوێندەوار | جوتیار |
| ١٦٠ | عەزیز عەبدوڵا عەزیز | نێر | ١٩٥٩ | کانی کەوان | نەخوێندەوار | جوتیار |

پەراوێزەکان:

[i])تەقتەق، بە فەرمانی هەرێمی (٣٣٥)، لە ١٤/ ١٠/ ٢٠٢٤، کرا بە قەزا، ئێستا قەزایەکی پارێزگای هەولێرە. کاتی کۆکردنەوەی داتا و ئەنجامدانی توێژینەوەکە، تەقتەق یەکێک بو لە ناحیەکانی قەزای کۆیە.

[ii]) پاشکۆ.

[iii]) ڕێبازی پەسنی، پشت بە زمانی ئاخاوتن(Spoken Language) (لە هەندێک باری تایبەت و مەرجداریشدا زمانی نوسین)، دەبەستێت، بە تێبینیکردنی ڕاستەوخۆ، واتە ئێستای زمان- سینکرۆنی. بنەماکانیشی بریتین لە دیاریکردنی یەکەکانی (کات - Epoch Unite، شوێن Area - Unite، ئاست-Level Unite ): گرنگە کاتی توێژینەوە و کۆکردنەوەی داتا زمانییەکان دیاری بکرێت، چونکە سیستەمی زمان بە تێپەڕبونی کات، گۆڕانی بەسەردادێت. هەروەها جەخت لەسەر سنوردارکردنی ڕوبەر و شوێنی توێژینەوە (ژینگەی زمان) دەکاتەوە، چونکە زمان بە جیاوازیی شوێن دەگۆڕێت و گەشەدەکات. لە هەمان کاتدا، گرنگی بە دیاریکردنی ئاستی زمان دەدات (ستاندارد، گشتی، گۆکراو، نوسراو، ئاستەکانی زمان، ...)، لەگەڵ ئاستی ڕۆشنبیری و کەسایەتیی داتالێوەرگیراو (Informant). زانیاریی زیاتر لە (عبدالقادر عبدالجلیل، علم اللسانیات الحدیثة نظم التحکم و قواعد البیانات، ل١٣١ – ١٣٥)، بەردەستە.

[iv]) موکریانی شێوەزارێکی زاری کوردیی ناوەڕاستە، مەڵبەندی بڵاوبونەوەی لە ناوچەی موکریانە (مهاباد/سابڵاغ و دەوروبەری) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شەپۆلی یاسازمانی و کەرەستەکانی تا دەشتی بیتوێن لە باشوری کوردستان درێژە و بەردەوامیی هەیە، بێگومان بەدورکەوتنەوە لە مەڵبەندی (زمان/ زار/ شێوەزار)ەکان و تێپەڕبونی کات، جیاوازییەکانیش زیاد دەکەن. لێرە مەبەست لە موکریانی، شێوەجیاوازەکانی ئاخاوتنی دەڤەری بیتوێنە لە ڕانیە و دەوروبەری، تا دەگاتە سنوری توێژینەوەکەمان.

v) بۆ نمونە: **ئارو** (خەیار)، ئێستا بەکارهێنانی زۆر کەمبۆتەوە و تەنیا ئاخێوەرانی بەتەمەن بەکاریدەهێنن، هەروەها (**ئاغرەب**)، کە لە (اغلب)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، ئێستا تەنیا لە فەرهەنگی کەسانی بەتەمەندا ماوە. (**جوایەز**- جیاواز)، هەر بەتەمەنەکان دەریدەبڕن، جێگۆڕکێ و گۆڕانی دەنگ ڕویداوە، ئێستا هەر (جیاواز) بەکاردێت. **زرۆبی** (نانساجی)، **شیشۆق** (پارچە شوشەی شکاو)، **تکان** (دوکان)، **کوی**؟ (چۆنی؟)، **دەلوجە** (بیبەر)، **مشکی**، ناوێکی هاوبێژە، دو واتای هەیە: ١. وەک جەمەدانی لەسەردەکرێت، ٢. خۆڵەمێش. (**یا**)ی گەورەیی بۆ ژن و کچی گەورە: یا شلێر، یا ئامین، کە بۆ بانگکردن یان ناوهێنان بەکاردێت و دەکەوێتە پێش ناوی بانگکراو. هەروەها جێناوی کەسیی سەربەخۆ بۆ کەسی دوەمی کۆ (**ئەنگۆ**)یە...

vi) لە میانی سەردانی مەیدانیی توێژەر بۆ ناوچەی توێژینەوە و ئاخاوتن لەگەڵ ئاخێوەرانی ناوچەکەدا، تێبینیی هەندێک دیاردەی دەنگیی جیاوازی کردوە، بۆ نمونە: لە دێی (کفرەدۆڵ)، لەبریی لەنێوان و لەمابەین دەوترێت: لە **نەعبێن**. لە گوندی (حاجی کاکۆل)، سیماکانی شێوەئاخاوتنی هەولێر بەدیدەکرێن، لەجیاتیی (قوتو/ قدو، کەوت) دەڵێن: **قۆدی، کەت**. لە گوندی (گورزەیی)، بە (هێلکە) دەڵێن (**ئێلکە، ئێکە**)، هەروەها ئامرازی دانەپاڵ دەرناکەوێت، کە سیمای شێوەزاری گەرمیانە، دەڵێن: (ئەچمە مار شیرن)، واتە جگە لە دەرنەکەوتنی (ی)ی ئامرازی دانەپاڵ، ئەسپێکتی کاتی ڕانەبردوش (ئە)یە. لە (گۆپتەپە)، دیاردەی جێگۆڕکێی دەنگی هەیە؛ (تینو) دەبێت بە (**تونی**). لە گوندەکانی (قەمبەر، شیواشۆکی گەورە، گەرمک، عەلیاوە) لە کاری ڕابردوی تەواوی (نەمایە/ نەماوە) دەڵێن (**نمایە**- nimaye). لە تەقتەق جیاوازی لە بەکارهێنانی دەستەی دوەمی جێناوە کەسییە لکاوەکاندا هەیە؛ دەوترێت: **یارمەتیمانی دا، بردمانیان**، واتە بکەر و بەرکار لە یەک دەستە جێناوی لکاون، ئەمەش سیمای شێوەزاری گەرمیانە. گوندی (کانیلەلە)، لەنێو خۆیاندا بە شێوەزاری کەلهوڕی دەدوێن، بەڵام لەگەڵ خەڵکی دیکە بە کوردیی ناوەڕاست دەدوێن، هەندێک دیاردەی زمانییان لەلا دەبیسترێت، بۆنمونە لە کاری ڕابردوی تەواودا دەڵێن: لە گوند **بۆتین**، لە شار **نەژیاوەتم**، ئەوان **هاتۆتن** بۆ لامان. لە گوندی (مخەڕەس)، دەڵێن: من سێ جار عەمەلیات **کرایتم** (کراوم)، (**فێرنەبویتین، دەدینم**). لە گوندی (دۆندار) دەڵێن: (**هاتۆتی**)، واتە (تۆ هاتوی). گوندی (کانیکەند)، هۆزی بڵباسن، دەڵێن: **لەبۆ هەرتک** لا واباشە. هەروەها گۆڕانی /ک – K/ بە ئەلۆفۆنی /ک - tʃ/، کاتێک /ک/ دەنگەکانی /ی، یٚ، وی/ ی بەدوادا دێت، لای ئاخێوەرانی گوندی کانیکەند (لە هەندێک وشەدا) ڕونادات، کە لە زۆربەی شێوەزارەکانی زاری کوردیی ناوەڕاستدا هەیە، کێ هات؟ /tʃʒ:/ - کێ/. لە گوندی (ئاودەلۆک)، دەڵێن: نۆبە**تێی** گرتوە. مەبەست (تا)یە، هەروەها دەڵێن: **ماڵن** لە هەواری بو. واتە (**ن**) جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆیە، لە کاتێکدا لە گشت ناوچەی توێژینەوە (مان)ە. گوندی (سێکانی)، پێکهاتەیەکی تێکەڵی جیاوازی دانیشتوانیان هەیە؛ (بابان، بەگزادە، سەید، چۆغەرڕەش)، تێکەڵاویی کۆمەڵایەتییان لەگەڵ خەڵکی (سێگردکان) زۆرە، کە (کەلهوڕ/ دەربەندی)ن، ئەمەش لە ئاخاوتنیاندا ڕەنگیداوەتەوە، دەڵێن: (**نێتوانم**- ناتوانم، **کردیوم**- کردومە، **هاتیوم**- هاتو-وم، **دبوک**- دەبێت، **وەشم**- وتم، **سوێر**- ڕەنگی سور). لە گوندی (تازەدێ)، بە (ددان) دەڵێن (**دیان**)، بە (شوتی) دەڵێن (**شامی**)، (نینۆک- **نوخان – نوخانبڕ**)، (بەڵام- **بەران**)، لە جۆرەکانی خاک (**قومەرین، بەردەرین**) یان هەیە. لە

گوندەکانی تاڵەبانی گەورە و بچوک، جێناوی سەربەخۆی کەسی سێیەمی تاک (**ئەوی**)یە. بەتەمەنەکانی گوندی (کانیهەنجیر)، کاتێک ناوی دێیەکەی خۆیان دەهێنن، دەڵێن (کانەنجیر). لەو گوندانەی مەنتکەکان لێی نیشتەجێن (حاجی وسو، تەلوار، شیوەپیران، ڕەسول بسکۆل، بەردبڕ، بەلەبان،...)، هەندێک دیاردەی زمانیی تایبەتیان هەیە، بۆ نمونە لە هەندێک باردا پێشبەندی (لە) دەگۆڕێت بە(تە، دە)، دەڵێن: **تە**پێمکرد، **دەگەر** وی چوم، لە کۆیە و ناوچەی توێژینەوە دەوترێت: لەپێمکرد، **لەگەر** وی چوم، لەگەڵ ئەو چوم. لە هەندێک وشەدا فۆنێمی /ب/ دەکرێت بە /پ/، لەبریی (برا) دەڵێن (**پرا**: پرای من)، بە (هەمو) دەڵێن (**خرِ**)، (تینومە، تێنیمە) دەبێت بە (**تێنیتم**). لەژێر کاریگەریی شێوە ئاخاوتنی هەولێردا، چاوگی (**گازکردن**) لەبریی (بانگکردن) بەکاردەهێنن، دەڵێن: گازی کە، واتە بانگی بکە. ئەمانە و چەندان دیاردەی دیکەی زمانی، دەشێ توێژینەوەی تایبەتیان لەسەر بکرێت.

[vii]) هەمان هۆکار و تێڕوانین بۆ ناوی (ئەستوک- ئەستوکەبەڕون)یش لەئارادایە. (ئەستوک)، جۆرە نانێکی تایبەت و بەجێژە، ناوەکەشی تایبەتە بە کۆیە، بەڵام ئێستا بەکارهێنانی لەسەر تابلۆی ئەستوکخانەکان زۆر کەمبۆتەوە و خەریکە (کولێرەبەڕۆن)، بە بیانوی ستانداردی و زاراوەی ناوچەیی، جێگەی بگرێتەوە.

[viii]) لەم بەستەرە بەردەستە: https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp122-145